# چاپکراوی نوێ

کتێبی (من أرشیف جمهورية العراق الاولی: حوادث الموصل و کرکوك و تداعياتها ٨ آذار ١٩٥٩- ١٤تموز ١٩٥٩ دراسة تأريخية سياسية وثائقية)، لە نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی و لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، بە زمانی عەرەبی و بە (٨٠٠) لاپەڕە کەوتە بەر دیدی توێژەر و مێژوونووس و خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە پانۆرامایەکی گرنگی سەرجەم ڕووداوەکانی ئەو دوو پارێزگایە بە ئاشکرا و نهێنییەکانییانەوە، بۆیە پێویستە ئەوەی ئەم کتێبە بە دەستەوە دەگرێت دێڕ بە دێڕ بیخوێنێتەوە و سەرنج لە هەموو ئەو ڕاستییانە بدات کە لە کاتی خۆیاندا دەرنەکەوتوون یان بە پێی حەزو بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران و سیاسەتەکانیان شێوێندراون لە ماوەی (٨ی شوباتی ١٩٦٣-٩ی نیسانی ٢٠٠٣).. نووسەر ڕاشکاوانە دێتە سەر باسکردنی ئەوانەی لە پشت ڕووداوە خوێناوییەکانی مووسڵ و کەرکووك بوونە، ڕۆشناییش دەخاتە سەر جووڵانەوەی کودەتاکەی عەبدولوەهاب شەواف، ئینجا هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمبەر ئەم جووڵانەوەیە، هەروەها ئاماژەی بەو کردەوە تیرۆریستییە سیاسییانە دەکات کە لە مووسڵ و کەرکووك ئەنجام دراون، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە، لە کۆتایی کتێبەکە پاشکۆیەکی بە ناوی شایەتحاڵەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکردووەتەوە.. دەستخۆشی بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بۆ ئەم کتێبە مێژووییە پڕ بەهایە.. بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام.



# مێژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان

## ١٩٧٦/٥/٢٦

چاپی دووەمی پوخت و زیادکراوەی کتێبی (مێژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان ١٩٧٦/٥/٢٦) لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرگێکی قەشەنگەوەو بە (٢٠٠) لاپەڕەوە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

لە پێشەکییەکەدا نووسەری ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە دەمێکە ئێمەی کورد گلەیی ئەوەمان هەیە کە بێگانە و نەیارانمان لە ڕوانگەی خۆیانەوە مێژووی نەتەوەکەمان دەنووسنەوە، لەبەر هەندێ بێ ڕوحمانە کەوتوونەتە گیانمان! ئەگەر جاروباریش خەڵکی خۆمان بەم کارە پیرۆزە هەڵسابن، ئەوە لەبەر بارودۆخی سیاسەتی داگیرکەران نەیانتوانیوە پڕ بە دڵ جڵەوی قەڵەمەکەیان بەرهەڵدەن، بۆیە هەموومان بە ئومێدی ئەوە بووین ڕۆژێك دابێت مێژووی کورد بە قەڵەمی مێژوونووسانی کوردپەروەر و ئەکادیمی بنووسنەوە. خوای کرد ئەو ڕۆژەمان بۆ هاتە دی، کەچی بەداخەوە تا ئێستا بارودۆخێکی ئەوتۆ نەڕەخساوە کە بتوانرێت وەك میللەتانی دیکە پسپۆرانی ئەو مەیدانە مێژووی نەتەوەی کورد لە دیدی کوردایەتی دارێژنەوەو کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕبکرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەر بەشێکی ئەم مێژووە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بخوێندرێت، کە ئەمەیان بە ئەرکێکی یەکجار پیرۆزی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

نووسەر خۆزگە بەوە دەخوازێت کە سیاسەتمەدار، فەرماندەکان، کادیری لێهاتوو، پێشمەرگە قارەمانەکان، هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا ئەو لایەنە تایبەتییانەی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە دیدێکی کوردەوە بە نامیلکە یان لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەموو زانیارییانەی ئێرەو ئەوێ ببێتە گەنجینەیەکی تێرو تەسەل بۆ بەردەستی لیژنەی پسپۆریی نووسینەوەی مێژووی کورد.

نووسەر هۆکاری نووسین و چاپکردنی ئەم کتێبە بەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ساڵانە یادی شۆڕشی گوڵان بە هەر سێ جۆری ڕاگەیاندن ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە دەکرێتەوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە پەی بە دژوارییی ئەو کاتی شۆڕش ببرێت، بۆیە (وەك خۆی دەڵێت) بیری لەوە کردەوە ئەو زانیارییانە لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوبکاتەوە، تاکو ببێتە سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ نووسینەوەی شۆڕشی گوڵان.

کتێبەکە چەندین بابەت و تەوەر لەخۆدەگرێت، ناوی پێشمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەی گوڵان، دیمانە لەگەڵ چەندین میوان کە باس لەم شۆڕشە دەکەن، هەروەها یەکەم بەیاننامەی قیادەی موەقەتە، ناوی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی هەرێمی بادینان کە پتر لە (٣٠٠) پێشمەرگەن، لەگەڵ پانۆرامای گوڵان، لە کۆتایی کتێبەکەدا، نووسەر پاشکۆیەکی بە وێنەی شەهیدانی شۆڕش و سەرکردەو پێشمەرگەکان بڵاوکردووەتەوە.. بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر و خەرمان بەرەکەت.

# میژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان

٢٦/٥/١٩٧٦



ئەسعەد عەدۆ

مەسعود حەیدەر :



## هەڵبژاردن گۆڕانکاریی گەورە و بنەڕەتی لە واقیعی تاڵی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی عێراق دروست ناکات



## هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان و گێچەڵی پەکەکە و لەشکرکێشیی تورکیا

ئەسکەندەر حەیدەر :




## پەکەکە بەو لۆژیکە بیر دەکاتەوە کە ئەگەر بۆ خۆی نەبوو لەوانی دیکەشی تێک بدات

فەرهاد کاکەیی :



## کوردستان ژینگەیەکی پێکەوەژیانە و مافی هەموو پێکهاتەکانیش پارێزراوە




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

پ.د. عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی:

## لە رابردووشدا مینبەرەکانی کوردستان، بڵندگۆی زیندووی بانگەوازی پەیامی پیرۆزی ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن بووە



د. سەرکەوت مەجید خۆشناو:

## ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن



## یەکەم خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» لە ڕووسیا بەڕێوەدەچێت




## داوا دەکرێت بە یاسا گەرەنتیی مافەکانی ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش بکرێت



هێرۆ وەهاب :


## پێویستە گرنگی زیاتر بە یاریزانە کچەکان بدرێت



## کامێرایەکی ئۆتۆمبیل ساتە هەستیارەکان تۆمار دەکا




## ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید بۆ کێ پێویستە؟





# سیاسەتی ئیدارەدانی ئاو وەک فاکتەرێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی





**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

وشکەساڵی وەك دیاردەیەك بە نزیکەی هەر ١٠ ساڵ جارێك ڕووی لە ناوچەی ئێمە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕێگەگرتن لە ئاسەوارە مەترسیدارەکانی، ئامادەکاریی باشی لە بەرامبەردا نەکراوە.

ئەمساڵ کە لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستاندا وشکەساڵی ڕاگەیەندرا، هەر زوو بۆردی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی پێك هێنرا و، خۆم وەك سەرۆکی دەستەی ژینگە ئامادەی دووەم کۆبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی بووم، کە بە سەرپەرشتیی بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و، هەروەها پارێزگارەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان و، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی و، نوێنەری وەزارەتی شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا پێداویستییەکانی هەر سێکتەرێك بەپێی ناوچە و پارێزگاکانی هەرێم و، میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی خرایەڕوو، لەو بارەیەشەوە پێشنیازی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تاوتوێ کران و، بڕیاری پێویستیان لەبارەوە درا.

هەروەها بڕیار درا کە ڕێکاری پێویست بۆ ڕێگری لە بەفیڕۆدانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بگیرێتە بەر، شایانی باسیشە بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی بۆردی باڵا، بۆ تاوتوێکردنی پلانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی لەسەر کارەکانی بەردەوامە، چونکە بۆ ئێمەی گەلی کوردستان زۆر گرنگە وا بڕوانینە گرفتە ژینگەییەکان، وەك کێشەیەگی گشتگیری جیهانیی تەواوی سەر گۆی زەوی، هەر بۆیە وڵاتانی جیهان لە (٢٢) ی نیسانی هەموو ساڵێك یادی ڕۆژی جیهانیی زەوی دەکەنەوە و، چیرۆکی ئەم ڕۆژەش لەوەوە دەستپێدەکات، کە لەو ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٧٠ بە سەرکردایەتی سێناتۆر (گایلۆرد نیلسۆن)، بۆ دەرختنی مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە بە هۆی کارگە پیشەسازییەکانەوە، نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەس لە تەواوی ئەمریکادا خۆپیشاندانیان کرد.

خۆپیشاندەران داوای دامەزراندنی ئاژانسی پاراستنی ژینگە و دەرچوواندنی یاساکانی

پاراستنی ژینگەیان دەکرد، کە دواجار کۆنگرێس هەردوو داواکانیانی پەسەند کرد و، ئەم ڕۆژەش لە ئەمریکادا بوو بە ڕۆژی زەوی، لە دواییشدا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکی کردە ڕۆژی زەوی، بۆ گشت جیهان. ئەم ڕاگەیاندنەش دداننپێدانانێکە بەو ڕاستییەی کە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی، سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە. هەروەها دداننپێدانانێکە بە بەرپرسیارێتیی گشتیی کە ڕاگەیاندنی کۆنگرەی زەوی لە (ریۆدی جانیرۆ) لە ساڵی (١٩٩٢) داوای کردووە، بۆ زیاتر تەبایی و کۆکبوون لەگەڵ سرووشت و زەویدا، لە پێناو دابینکردنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا.

وەك وەبیرهێنانەوەیەکیش لە ساڵی (٢٠١٣) لە ڕۆژی جیهانیی زەویدا، (بان کی مۆن) سکرتێری پێشووی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: «ڕۆژی جیهانیی دایکە زەوی دەرفەتێکە بۆ دووبارە جەختکردنەوە لە بەرپرسیارێتیی هەموومان، بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سرووشتدا، لەو کاتەی کە هەسارەکەمان ڕووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە دەبێتەوە، کە دەستکردی مرۆڤەکانن، بۆیە کاتێك دەبینە هەڕەشە لەسەر هەسارەکەمان، ئەوسا خۆمان ئەم ماڵە تاقانەیەی خۆمان دەڕووخێنین، با پەیمان تازە بکەینەوە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە جیهانییەوە، ڕێز لەم دایکە زەوییەمان بگرین».

بۆ یادکرنەوەی ساڵانەی ڕۆژی زەوی، لە پێناو هاندانی ملیۆنەها لە دانیشتووانی گۆی زەوی بۆ بونیادنانی ژینگەیەکی تەندروست، بەردەوام لە ڕێگەی سەوزکردنی کۆمەڵگەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، نەتەوە یەکگرتووەکان دروشمی جیا جیا هەڵدەبژێرێت، چونکە ئەمڕۆ نیوە زیاتری دانیشتووانی جیهان لە نێو شارەکاندا دەژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا، پێویستە ستایلی ژیانیش لە نێو شارەکاندا بگۆڕین، بە ئاراستەی سەوزکردن.

لەم بۆنەی ڕۆژی زەوییەدا، ئێستا کاتی وەبەرهێنانە لە بواری وزە نوێبووەوەکان و، دووبارە بونیادنانەوەی شار و شارۆچکەکانمان و، دەستکردن بە چارەسەرکردنی کێشەی کەشوهەوا، بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا و، بە جووڵەیەکی خێرا، ئاسەواری باشی ئەم گۆڕانکارییە دەربکەوێت.

لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا نزیکەی یەك ملیار کەس لە (١٩٠) دەوڵەتدا، بۆنەی ڕۆژی زەوی بەرز و زیندوو ڕادەگرن، لە ڕێگەی چاندنی نەمام و پاککردنەوەی نێو شار و پەیوەندیکردن بە نوێنەرەکانیانەوە و، زۆر چالاکیی دیکەی ژینگەپارێزانە.

ساڵانە لەم بۆنەیەدا تیشك دەخرێتە سەر کێشە و ڕێگرییە کۆن و نوێیەکان، بەتایبەت مەسەلەی دەرکەوتنی زیانە زۆرەکانی گردبوونەوەی دانیشتووان لە شارەکانداو، چۆڵکردنی گوند و لادێکان، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی زیانە گەورەکانی گۆڕان لە کەشوهەوادا، پێویستە ئێمەش لە کوردستاندا ئەم هەنگاوانە بە ئەرکی خۆمان بزانین:

١- بەخۆداچوونەوە بەو شێوازە هەڵەیەی ژیانکردن کە زۆرێك لە مرۆڤەکان ئالوودەی بوون.

٢- گرنگیی گەڕانەوە بۆ نێو سرووشت و هەڵسوکەوتی هاوڕێیانەی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا.

٣- هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە کولتووری سەوزکردن و چاندنی زانستییانە.

٤- کەم بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و، بایەخدان بە پایسکل و پیادەڕۆیی.

٥- باش بەکارهێنانی ئاو و، دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوییکردن لە بەکارهێنانیدا.

٦- چاوخشاندنەوە بە دیزاینی شارەکان و، گۆڕینی وەبەرهێنانیش بۆ وەبەرهێنانی ژینگە دۆست.

٧- سیاسەتێکی نوێی ژینگەپارێزانەی بەردەوام پەیڕەو بکەین، سەبارەت بە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت وغاز و، ژمارە و جۆر و قەبارە و شوێنی پاڵاوگە نەوتییەکان .

٨- هەوڵدانی بەردەوام بۆ ئامادەکردنی تاك و کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیار، لە ڕێگەی هۆشیاری و یاساپارێزییەوە.

هەر لەم بۆنەیەدا گرنگە هاوکاریی نێودەوڵەتیی بگاتە ئاستێکی باڵای ئەوتۆ، کە دەوڵەتان پێکەوە بە هاوبەشیی و بەرپرسیارانە هەوڵەکانیان یەك بخەن، بۆ پاراستنی زەوی، بەتایبەت لەم ڕۆژەدا کە کۆبونەوەی ئۆنلاینی لوتکەی سەرکردەکانی

جیهانی تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆ دانانی پلانی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی گەرمداهاتنی زەوی.

لێرەوە بایەخی یەکێك لە سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی ژینگە دەردەکەوێت، کە ئەویش ئاوە، بۆیە (٢٢)ی ئاداری هەموو ساڵێك، بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی (دیسەمبەر) ی ساڵی (١٩٩٢)ـەوە کراوە بە ڕۆژی جیهانیی ئاو، بەم بڕیارەش (ئەنجومەنی جیهانیی ئاو) وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بە باس و توێژینەوەکانی ئاو دامەزرا و، ئەم ئەنجومەنەش ڕاسپێردرا بۆ ڕێکخستنی (کۆڕبەندی جیهانیی ئاو)، کە هەر سێ ساڵ جارێك کۆنفرانسێکی جیهانی سازدەکات، بۆ ماوەی یەك هەفتە.

لە ئاستی عێراقیشدا، لە بەرواری ٢٠١١/٦/١٩ وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق داوای ڕەزامەندیی کرد، بۆ پەسەندکردنی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لە دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی ڕۆژی ٢٠١١/٥/٣١ بە بڕیاری ژمارە(١٩٦)ی ساڵی (٢٠١١) ڕەزامەندیی نیشان دا، لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتیی لایەنە پەیوەندیدارەکان .

بۆیە ئەنجومەنی شوورای دەوڵەتیش لە بەرواری ٢٠١٢/٢/٢٨ وردەکارییەکانی خۆی لەسەر یاساکە تەواو کرد.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٤)ی بەرواری ٢٠١٢/٦/٥ ڕەزامەندیی نیشان دا، لە سەر پرۆژە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، فەرمانگەی یاساییشی ڕاسپارد بۆ هەموارکردنی، بەو جۆرەی کە سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی ئەنجومەنەکە دابین بکات و، پەرلەمانی عێراقیش پەسەندی بکات.

بەپێی لێدوانی حکومەتی عێراق (ئەم ئەنجومەنە کاردەکات بۆ دانانی سیاسەتێکی دوورمەودا و ستراتیژی، بۆ دابینکردنی بەشە ئاوی عێراق لە ئاوە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان و، پاراستنی دەرامەتە ئاوییەکان و باش بەکارهێنانی و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان و بوارە بەکارهێنەرەکانیدا، چونکە ئاو بابەتێکی گرنگی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی عێراقەوە).

ئەم ئەنجومەنە - وەك ئاماژەی بۆ کراوە — بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتیی هەریەك لە جێگرەکانی سەرۆك وەزیران و هەر یەك لە وەزیرانی دەرەوە و سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ و پلاندانان و کارەبا و پیشەسازیی و شارەوانیی و ژینگە و زانست و تەکنەلۆژیا و کاروباری پارێزگاکان و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و، وەزیرانی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها ئەم ئەنجومەنە دوو لیژنەی دەبێت:

یەکەم: لیژنەیەکی باڵا بۆ دانوستان سەبارەت بە ئاوە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان، بە سەرۆکایەتیی وەزیری دەرەوە و ئەندامێتیی وەزیرانی سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ و ژینگە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی.

دووەم: لیژنەی باڵای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوە نێوخۆییەکان، بە سەرۆکایەتیی وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان و، ئەندامێتیی هەریەك لە وەزیرانی پلاندانان و کارەبا و پیشەسازی و شارەوانی و ژینگە و زانست و تەکنەلۆژیا و کاروباری پارێزگاکان و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و، وەزیرانی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە وا بڕیار دراوە کە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، فەرمانگەیەکی شارەزایانی هەبێت، کە پێك دێت لەو پسپۆڕانەی کە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو ئەنجومەنەکەن، کاری ئەم فەرمانگەیەش بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەی پەیوەست بە سیاسەتەکانی ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە و، ڕاوێژکاری لە سەر ئەو بابەتانەی کە لەلایەن لیژنە ناوبراوەکانی ئەنجومەنەوە ئاراستە دەکرێن و، ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە بارەی بەدواداچوونی ئەو پلانە نیشتمانییە خاوەن ڕەهەندە ستراتیژییانەی، کە ئەنجومەن بڕیاریان لەسەر دەدات.

هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو هەوڵ دەدات بۆ زیادکردنی توانای گلدانەوەی ئاو لە بەنداوەکانداو، هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بەنداوێکی نوێ و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئاوی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا.



## ئەسکەندەر حەیدەر

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە بەو لۆژیکە بیر دەکاتەوە کە ئەگەر بۆ خۆی نەبوو لەوانی دیکەشی تێک بدات

**ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ڕەفتار و کردارەکانی پەکەکە چەندین کێشە و ناهەمواریی بۆ هەرێمی کوردستان خوڵقاندووە، ئەوا هێشتا پەکەکە بڕیاری نەداوە پێداچوونەوە بە خۆیدا بکات و، ستراتیژیەتێك بگرێتەبەر کە گرفت و کێشە لەم هەرێمە دوور بخاتەوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام درێژە بەو سیاسەتەی ئێستای دەدات، کە هەم زیان بە خۆی دەگەیەنێت و هەم گرفت و تەنگژەش بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات، ئەمانە تەوەری دیدارێکی گوڵان بوون لەگەڵ ئەسکەندەر حەیدەر ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

*** دوای ئەوەی چەکدارانی پەکەکە چەندین پێشمەرگەی کوردستانیان شەهید کرد، ئێستا دۆران کالکان باس لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەکات و، پاکانە بۆ تاوانەکانی سەرانی قەندیل دەکات، بە ڕای ئێوە کەسێکی وەك دۆران کالکان بۆچی بێ باکانە ئاگری شەڕی کورد- کورد خۆش دەکات؟**

- من سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر شەڕێکی لەم شێوەیە ڕووبدات لە نێوان کورددا، ئەوا پەرەسەندنێکی زۆر خراپە و، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کەس نابێت و نابێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کێشەی کورد، بگرە کارەسات و خەسارەتێکی گەورەش دەبێت بۆ کورد، هەر کەسێکیش بیەوێت ئاگری ئەم شەڕە خۆش بکات، ئەوا پێویستە بە توندی ڕەخنەی لێ بگیرێت.

*** دیسان سەرانی پەکەکەی قەندیل بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان و بێ دەسەڵاتییان لەوەی لە باکوور خەباتی چەکداری بکەن، باس لەوە دەکەن کە ئەو شوێنانەی ئێستا چەکدارانی پەکەکەی لێیە، ناوچەی گەریلان و هێزی پێشمەرگە نابیت بچێتە ئەو شوێنانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێت پەکەکە بەشێکی هەرێمی کوردستان قۆرغ بکات لە پێشمەرگە؟ هەروەها ئایا ئەم بانگەشەی سەرانی پەکەکە هەر خۆی دەستڕاکێشانی هێزەکانی تورکیا نییە بۆ ناو هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئێستا شەڕێکی گەورە و مەزن لەو ناوچانەدا لە نێوان تورك و پەکەکەدا ڕوو دەدات، ئەگەر پەکەکەش لەو ناوچانەدا نەبووایە، ئەوا ڕەنگە تورکیا نەهاتایەتە ئەو شوێنانە، دواتر دەبێت ئەوە بزانین کە ناکرێت ئێمە تورکیا بە دۆستی کورد دابنێین، بە ڕای من چارەسەرەکەش ئەوەیە کە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو شوێنانە و، ناکرێت پەکەکە بێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەمانە شوێنی ئەوانە، ئەمە کارێکی زۆر هەڵەیە، چونکە ناکرێت پەکەکە ڕایبگەیەنێت کە نابێت پێشمەرگە بچێتەوە ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە پێشمەگە لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو خاك و شوێنەدا شەڕی کردووە و شەهید و خوێنی بەخشیوە.

*** سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە کە شەڕی کورد- کورد لە کوردستان نەکرێت و کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، بەڵام پەکەکە لەبری ئەوەی بە دیالۆگ و لیکتێگەیشتن ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و هاوکار بێت بۆ ئەوەی سوپای تورکیا لە باشوور نەمێنیت، هێندەی دیکە زەمینە بۆ هاتنە ناوەی سوپای تورکیا خۆش دەکات، ئایا ئەم ئاڕاستەی پەکەکە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکات؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی پێشتریش ڕایگەیاندبوو کە نابێت بە هیچ شێوەیەك شەڕی براکوژی ڕوو بدات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لە ناو پەکەکەدا کەسانێك هەن کە هەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەربەخۆ دەکەن لە هەندێ ناوچە و، دەیانەوێت شەڕ لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوان ئەوەیان لە یاد بێت کە جەنابی سەرۆك ئاخافتنێکی زۆر گرنگی گوتووە بۆ ئەوان، کە جەختی کردوەتەوە لەسەر گرنگیی چارەسەری سیاسی و ئاشتییانە و پەنابردنەبەر دیالۆگ، دواتر دەبێت پەکەکە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئێرە هەرێمێکی ئازادکراوە و، ناکرێت لەم ناوچەیەوە کردەی چەکداری بکات و

**چارەسەرەکەش ئەوەیە کە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو شوێنانە و، ناکرێت پەکەکە بێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەمانە شوێنی ئەوانە**

**لە ناو پەکەکەدا کەسانێک هەن کە هەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەربەخۆ دەکەن لە هەندێ ناوچە و، دەیانەوێت شەڕ لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن**

**دەبێت پەکەکە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئێرە هەرێمێکی ئازادکراوە و، ناکرێت لەم ناوچەیەوە کردەی چەکداری بکات و شەڕ لەگەڵ تورکیا بکات، ئەمە کارێکی هەڵەیە**

شەڕ لەگەڵ تورکیا بکات، ئەمە کارێکی هەڵەیە. من دووپاتی دەکەمەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی باشە ڕێی ئاشتییانە و چارەسەری دیموکراتییانە بگرێتەبەر، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە ناو پەکەکەدا ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز هەن، بۆ نموونە دۆران کالکان شتێك دەڵێت و مستەفا قەرەسوو شتێکی دیکە دەڵێت، لە کاتێکدا دەبێت پەکەکە بارودۆخی ئێرە لەبەرچاو بگرێت، کە هەموو دنیا مامەڵە لەگەڵ ئەم هەرێمەدا دەکات، بۆ نموونە هاتنی پاپا بۆ کوردستان ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، یان جەنابی سەرۆکی هەرێم سەردانی فەڕەنسا دەکات و لە کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتە پێشوازیی لێ دەکرێت، کەواتە پێویستە پەکەکە ئەم بارودۆخە لەبەرچاو بگرێت، نەك بێت و شەڕ بکات و پێشمەرگە شەهید بکات، بەڵکو واباشترە گوێ لە قسەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بگرێت و ڕێز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت.

*** ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە پەکەکە هەرێمی کوردستانی کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ و، ڕۆژانە هێزەکانی تورکیا بە بیانووی هەبوونی پەکەکە گوندەکانی کوردستان بۆمبباران دەکات، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر پەکەکە دەیەوێت شەڕی تورکیا بکات، بۆ لەناو تورکیا نایکات، خۆ چیاکانی کوردستانی باکوور لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن؟**

- من لە دەستپێکدا ئاماژەم بەوەدا، ئەوەی چەکدارانی پەکەکە لە قەندیل و چیای مەتین و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەیکەن و پەلاماری پێشمەرگەیان دا و شەهیدیان کردن، ئەوە هەر هەمووی لەخزمەتی تورکیادایە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پەکەکە ڕێز لە پێگەی هەرێمی کوردستان نەگرێت و شەڕی پێشمەرگە بکات، ئەوا ئەمە خزمەتکردنە بە تورکیا، لەبەر ئەوە پێویست ناکات پەکەکە لەو ناوچانەدا شەڕ بکات و دەبێت ئەو شوێنانە چۆڵ بکات، چونکە ئەوەتا پەکەکە لە ناو تورکیا شەڕی پێ ناکرێت، کەچی هاتووەتە هەرێمی کوردستان و بووەتە مایەی چۆڵبوونی چەندین گوند و ئاوارەبوونی خەڵکانێکی زۆر، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە بە خۆیدا بچێتەوە و، لەو ناوچانە بکشێتەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر زیان بەم هەرێمە نەگەیەنێت، دواتر پەکەکە لە باکووری کوردستانیش بووە هۆی ئەوەی لەلایەن تورکیاوە خەڵك بکوژرێت وماڵی خەڵکی وێران بکرێت، لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە چارەسەر ئەوەیە پەکەکە لەو ناوچانەدا نەمێنێت.

*** ماوەی زیاتر لە یەك مانگە تورکیا هاتووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بە حیساب شەڕی پەکەکە دەکات، بەڵام بێجگە لە کاولکردنی گوندەکان و زیاتر هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان، دەبینین هیچ لایەك، نە پەکەکە و نە هێزەکانی تورکیا زیانێکی ئەوتۆیان نییە، ئایا ئەمە لە سیناریۆیەکی ئیقلیمی ناچێت دژی هەرێمی کوردستان، کە بە دەستی پەکەکە جێبەجێی دەکەن؟**

- من پێم وایە سەرەتا دەبێت پەکەکە بە خۆیدا بچێتەوە و ڕەخنە لە خۆی بگرێت و، ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە خوازیارە چی بکات و، ئایا ئەو شەڕانەی لەو ناوچانەدا دەیکات، لە کۆتاییدا خزمەت بە کێ دەگەیەنێت؟ ئایا خزمەت بە کورد دەکەن، یان خزمەت بە تورکیا؟ من لێرەدا ڕەنگە نەتوانم بڵێم ئەمەی پەکەکە دەیکات سیناریۆیە، بەڵام لە دەرئەنجامدا کار و کردەوەکانی پەکەکە بەو چەشنەن کە تورکیا دەیخوازێت، چونکە تورکیا دەیەوێت ئەو ناوچانە داگیر بکات، ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر خراپە.

*** هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێگربن لە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتدا پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتی (ئێران و عێراق و سووریا) لەو پەڕی باشیدایە و هاوکاری چەك و دارایی دەکرێت، ئایا ئەمە چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- من پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کار و کردەوەکانی پەکەکە لە کۆتاییدا بە بەرژەوەندی کورد تەواو نابێت، بەڵکو خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات. دواتر هەروەك باسم کرد، جەنابی سەرۆك بارزانی ڕێگای زۆر باشی خستووەتە بەردەم پەکەکە، کە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتییە، ئەگەر پەکەکە خوازیاری شەڕکردنیشە، ئەوا با بچێتە تورکیا شەڕ بکات و، بوار بدات خەڵکی ئەو ناوچانەی

**کێشەکە ئەوەیە لە ناو پەکەکەدا ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز هەن، بۆ نموونە دۆران کالکان شتێك دەڵێت و مستەفا قەرەسوو شتێکی دیکە دەڵێت، لە کاتێکدا دەبێت پەکەکە بارودۆخی ئێرە لەبەرچاو بگرێت، کە هەموو دنیا مامەڵە لەگەڵ ئەم هەرێمەدا دەکات**

**هاتنی پاپا بۆ کوردستان ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، یان جەنابی سەرۆکی هەرێم سەردانی فەڕەنسا دەکات و لە کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتە پێشوازیی لێ دەکرێت، کەواتە پێویستە پەکەکە ئەم بارودۆخە لەبەرچاو بگرێت**

**ئەگەر پەکەکە ڕێز لە پێگەی هەرێمی کوردستان نەگرێت و شەڕی پێشمەرگە بکات، ئەوا ئەمە خزمەتکردنە بە تورکیا**

**کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە بە خۆیدا بچێتەوە و، لەو ناوچانە بکشێتەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر زیان بەم هەرێمە نەگەیەنێت**

**کار و کردەوەکانی پەکەکە بەو چەشنەن کە تورکیا دەیخوازێت، چونکە تورکیا دەیەوێت ئەو ناوچانە داگیر بکات**



هەرێمی کوردستان بچنەوە نێو ماڵ و حاڵ و زەوی و زاری خۆیان، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستە پەکەکە ددان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و چیتر نەبێتە بیانوو بۆ ئازاردانی خەڵکی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان و، بڕیار بدات کە لەو ناوچانە بکشێتەوە و بەجێیان بهێڵێت.

*** پەکەکە بە هۆی ئەوەی بە ڕەوتی سیاسەتی جیهانی ناڕوات، بە کردەوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ناشیرین کردووە، ئایا بۆچی پەکەکە هەموو ئامانجی ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ناشرین بکات؟**

- ئێمە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پەکەکە لە ئامانجەکانی خۆی لایداوە، واتە لە ڕێی خۆی لایداوە و ستراتیژیەتێکی ڕوونی نییە، ئەوەتا ڕۆژێك لەگەڵ ئێران شەڕ دەکات و ڕۆژێکی پەیوەندییەکانیان زۆر باشە، دواتر ئێوە باشتان پێکاوە کە لە پرسیارەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد، کە مەیدانی شەڕی پەکەکە تورکیایە و ناکرێت ئاشتی و ئارامی لەم هەرێمە تێك بدات، لەبەر ئەوە پێویستە پەکەکە ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت، کە سیاسەتەکانی خزمەت بە کورد ناکات، بۆیە دەبێت سیاسەتێك بگرێتەبەر کە خزمەت بە کورد بکات، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەمەی لێ بەدی ناکرێت.

*** بە ڕای ئێوە ئەم ئاراستەی پەکەکە بۆ ڕێگرتن لەوەی کوردانی باشوور و ڕۆژئاوا بگەنە ئامانجی خۆیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی پەکەکە بە دژی بەرژەوەندییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا ڕەفتار دەکات؟**

- رەنگە پەکەکە بەو لۆژیکە بیر بکاتەوە کە ئەوەی بۆ من بەدی نایەت، ئەوا نابێت بۆ ئەوانیش دیکەش بەدی بێت، یان ئەگەر دەستکەوتێك منی تێدا نەبم، ئەوا با بەدی نەیەت، هەروەها ئێستا دۆخێك لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بووە کە ڕەنگە ئومێدی ئەوەی لێ بکرێت و پەرە بستێنێت، ناکرێت پەکەکە لەوێش دەستێوەردان بکات و کارێك بکات بە قازانجی تورکیا بشکێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە پەکەکە بە خۆیدا بچێتەوە و ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو ڕەفتارانە لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەشەوە قابیلی قبووڵکردن نین.

**مەیدانی شەڕی پەکەکە تورکیایە و ناکرێت ئاشتی و ئارامی لەم هەرێمە تێک بدات، لەبەر ئەوە پێویستە پەکەکە ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت، کە سیاسەتەکانی خزمەت بە کورد ناکات**

**ئێستا دۆخێک لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بووە کە ڕەنگە ئومێدی ئەوەی لێ بکرێت و پەرە بستێنێت، ناکرێت پەکەکە لەوێش دەستێوەردان بکات و کارێک بکات بە قازانجی تورکیا بشکێتەوە**

# هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان و گێچەڵی پەکەکە و لەشکرکێشیی تورکیا





**دکتۆر محێدین حەسەن**

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:

## گوندنشینە زیانلێکەوتووەکان داوای ئاوڕدانەوەی حکومەت و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان دەکەن

**سەفین عومەر گەردی**

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:

## چاوەڕوانی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانین بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ پەکەکە و ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا دابنرێت

**لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و شەڕەکانی پەکەکە لەناو هەرێمی کوردستاندا زیانی گەورەی گیانی و ماڵی لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی شەهیدبوونی خەڵکی سڤیل و پێشمەرگە و چۆڵکردنی ژمارەیەك گوندی سەرسنوور، ئەمە وێڕای داگیرکردنی ڕووبەرێکی زۆری خاکی هەرێم لەلایەن سوپای تورکیاوە بە قووڵایی ١٥ تا ٤٠ کیلۆمەتر و دانانی ٧٠ بنکە و بارەگای سەربازی و ئەمنیی سوپای تورکیا. گۆڤاری گوڵان ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە زیانەکانی ئەم شەڕ و پێکدادانەی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا ئامادە کردو تێیدا هەردوو پەرلەمانتار دکتۆر محێدین حەسەن و سەفین عومەر گەردی کە لە پەرلەمانی کوردستان ئەندامی لێژنەی تایبەت بوون بۆ بەسەرکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

## بێ هەڵوێستیی عێراق بەرامبەر لەشکرکێشیی سوپای تورکیا جێگای نیگەرانی و پرسیارە

سەرەتا سەبارەت بە زیانەکانی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیا و پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا، دکتۆر محێدین حەسەن ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە هاوکات ئەندامی لێژنەی تایبەت بە (ناوچە زیانلێکەوتووەکانی سنووری هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا)یە هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەردەوامیی ئەم شەڕەی پەکەکە و لەشکرکێشیی سوپای تورکیا جگە لە زیانەکانی مەترسیی گەورەشی لێ دەکەوێتەوە»، هەر لەو بارەیەوە وتی: «ئێمە وەکو شاندێکی پەرلەمانی کوردستان کە لە فراکسیۆنە جیاجیاکان پێکهاتبووین، بە مەیدانی سەردانی ئەو ناوچانەمان کرد کە لە ئاکامی بۆردومان و شەڕ و لەشکرکێشیی تورکیا زیانی گیانی و ماڵیی گەورەیان بەرکەوتووە، لەو سەردانەدا بەدواداچوونمان کردو داتا و دەرئەنجامی ئەو هێرش و پێکدادانەمان کۆکردەوە، کە بەداخەوە زیانە گیانی و ماددی و مەعنەوی و ژینگەییەکان زۆر گەورەن، کاتێك سەردانی قەزای زاخۆ و ناحیەکانی دەرکار و باتیفا و کانی ماسی و قەزای ئامێدی و گوندەکانی سنووری پارێزگای دهۆکمان کردو بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاسەوانی سنوورمان بەسەرکردەوە و چاومان بە هاووڵاتیانی ئەو ناحیە و گوندانە کەوت، لە نزیکەوە گوێبستی گلەیی و پێشنیارەکانیان بووین، کە خۆی دەبینییەوە لە (داواکاریی یەکڕیزیی نێوان هێزە کوردستانییەکان و ئاوڕدانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سنوورانە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان).»

یەکێك لەو هۆکارانەی بەردەوامبوونی شەڕو پێکدادانەکان بۆ سەختی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و هەبوونی پەکەکە و بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە دکتۆر محێدین حەسەن وتی: «بوونی پەکەکە بیانووی بە سوپای تورکیا داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانە و داگیرکارییەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمە وێڕای ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و هاوسنووریی ئەم ناوچانە وای کردووە، پاراستنی ئەم سنوورانە ئاسان نەبێت بەو هێزە کەمەی پێشمەرگە و پاسەوانانی سنوور. لەلایەکی دیکەوە بێدەنگبوون و بێ هەڵوێستی عێراق بەرامبەر لەشکرکێشیی سوپای تورکیا جێگای نیگەرانییە. بەداخەوە هەروەکو چۆن حکومەتی عێراق گرنگی بەم پێشێلکارییە دەستوورییە نەداوە، هەرواش نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمانان و گرنگیان بەم پێشێلکارییە دەستووری و یاسایی و عورفە نێودەوڵەتییە نەداوە، تەنانەت هەموو هێزە کوردستانییەکان لە سەر ئەم بابەتە چارەنووسسازە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی گوندنشین و پێگەی هەرێمی کوردستان یەك دەنگ نین، کە دەبووایە لەسەر کۆی مەسەلە چارەنووسسازەکان هاودەنگ بین، چونکە هەر دەستدرێژییەك بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەم قەوارەیە دەبێت یەك دەنگ بین، هەروەکو چۆن لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی خۆمان بەرز کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە هەنگاوەکانی ڕاوەستانی شەڕو

**پەکەکە بیانووی بە سوپای تورکیا داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانە و داگیرکارییەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان**

**بێدەنگبوون و بێ هەڵوێستیی عێراق بەرامبەر لەشکرکێشیی سوپای تورکیا جێگای نیگەرانییە**

**هەموو هێزە کوردستانییەکان لە سەر ئەم بابەتە چارەنووسسازە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی گوندنشین و پێگەی هەرێمی کوردستان یەک دەنگ نین**

**پێویستە هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەکاتی خەباتیاندا تایبەتمەندێتی و واقیعی هەستیارو ناسکی هەرێمی کوردستان بپارێزن**

**ژمارەیەکی زۆر باخ و کێڵگەی کشتوکاڵی خەڵکی گوندەکانی دەڤەرەکە و بە دەیان هەزار دۆنم لە پاوان و دارستان سووتاون و زیانێکی زۆر بەر کێڵگەی بەخێوکردنی مێش هەنگوینەکانی سنوورەکە کەوتووە**

**لەلایان تورکیا و جاشەکانیەوە ڕووبەری زۆر لە دارستانەکانی ئەو سنوورانە بڕاونەتەوە و دارەکانیان بۆ ناوخاکی تورکیا گواستووەتەوە**

پێکدادانەکان بنرێت و پێویستە هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەکاتی خەباتیاندا تایبەتمەندێتی و واقیعی هەستیارو ناسکی هەرێمی کوردستان بپارێزن، بەلانی کەم نەبنە هۆکاری کۆسپ وماڵوێرانیی خەڵکی سڤیل و خوانەخواستە لەبارچوونی ئەم ئەزموونە دەوڵەمەند و گرنگە».

سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی پاسەوانی سنووریش پەرلەمانتار دکتۆر محێدین حەسەن وتی: «لەو سەردانەماندا ڕەچاوی ئەوەمان کردبوو، هەردوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی پاسەوانانی سنوور کە سەر بە عێراقی فیدراڵن لە ڕووی ژمارە و جۆری چەك و تەقەمەنییەوە لە ئاستی پێویستدا نین، بەتایبەتی ئێمە باس لە ناوچە و ڕووبەرێکی سەخت و فراوان دەکەین کە ماوەیەکی دیکە وەرزی زستان و سەرما و سۆڵە دێت و ناوچەکە سەختتر دەبێت، بۆیە برا پێشمەرگەکانمان پێویستیان بە هاوکاری و پێداویستیی گرنگە لە ڕووی لۆجستی و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل و ڕاهێنانەوە، پێویستە لە ئامادەباشیدا بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەر و مەترسییەك، ئێمە لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوامان کردووە، داوا لە حکومەت بکرێت پێداویستییەکان دابین بکرێت، حکومەتی هەرێمیش لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە، داوا لە حکومەتی فیدراڵ بکات، پێداویستی بۆ هێزەکانی پاسەوانی سەرسنوور دابین بکات، هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کۆدەنگ بن لەسەر ڕێگری لە لەشکرکێشیی زیاتری سوپای تورکیا و هاوکات داوا لە پەکەکە بکرێت چیتر زیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەگەیەنن و پاساوی زیاتر نەدەن بە تورکیا بۆ داگیرکردنی خاکی زیاتر.

## باروودۆخی گوزەران و ژیانی دانیشتووانی گوندە سەرسنوورییەکان زۆر ناخۆش و سەخت بووە

سەفین عومەر گەردی کە ئەندامی ئەو لێژنە تایبەتە بوو کە بۆ سەردانی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان ڕاسپێردرابوو، سەبارەت بە زیانەکانی شەڕی پەکەکە و لەشکرکێشیی سوپای تورکیا وتی: «دەرئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان زیانی گەورەی گیانی و ماددی و مەعنەوی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان کەوتووە، بەپێی ئەو قسەو دانیشتنانەی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەرپرسانی حکوومی ئەنجامماندابوو، بۆمان دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆر باخ و کێڵگەی کشتوکاڵی خەڵکی گوندەکانی دەڤەرەکە و بە دەیان هەزار دۆنم لە پاوان و دارستان سووتاون و زیانێکی زۆر بەر کێڵگەی بەخێوکردنی مێش هەنگوینەکانی سنوورەکە کەوتووە، سەرەڕای ئەمەش لەلایەن تورکیا و جاشەکانیەوە ڕووبەری زۆر لە دارستانەکانی ئەو سنوورانە بڕاونەتەوە و دارەکانیان بۆ ناوخاکی تورکیا گواستووەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بە هەزاران خەڵکی ئەو ناوچانە بێکار و دەربەدەر بوون. لەو کاتەی ئێمە لەوێ بووین، بۆردومان لەسەر سنوور و ناحیەی دەرکار و باتوفا و کانی ماسی و ئامێدی و دێرەلوك هەبوو، خەڵکەکە باسیان لەوەکرد کە بە هۆی ئەو بۆردومانانە ڕێگرییان لێ دەکرێت و ناتوانن بچن بۆ سەر کێڵگە و باخ و بێستانەکانیان، کە ئێستا کاتی بەرهەمهێنانیانە، بەمەش باروودۆخی گوزەران و ژیانیان زۆر ناخۆش و سەخت بووە و ئەو باخ و بێستان و کێڵگانەی لە ژێر دەستی تورکیایە و ئەوانی دیکەش پەکەکە دەستیان بەسەردا گرتووە و خاوەنەکانیان خەڵکی ناوچەکەن لە هەموو شتێك بێبەش بوون، سەرباری هەموو ئەو قسەو گلەییانەی خەڵکی گوندەکان و ئەوەی خۆشمان بینیمان لە واقیعدا هۆکاری سەرەکیی بوونی پەکەکەیە لەناو خاك و سنووری هەرێمی کوردستان و کار و ڕەفتارەکانی پەکەکە بووەتە بیانوویەك بۆ هێرش و سنووربەزاندن و لەشکرکێشیی بەردەوامی سوپای تورکیا.

## پێویستە گوێ لە داواکاریی خەڵکی ئەو دەڤەرە و سنوورە بگیرێت و کۆتایی بەم شەڕە بهێنرێت لەناو خاکی هەرێمدا

سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم باروودۆخە سەختە پەرلەمانتار سەفین گەردی ڕای وابوو: «بۆ چارەسەری ئەو باروودۆخە پێویستە گوێ لە داواکاریی خەڵکی ئەو دەڤەر و سنوورە بگیرێت، ئەوان خوازیارن و داواکارن پێش هەموو شتێك سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان ناوماڵی کوردستان ڕێکبخەنەوە و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و، بە هەموو لایەنەکان هەوڵ

بدەن ئەو پیلانەی لە دژی هەرێمی کوردستان هەیە، پووچەڵ بکرێتەوە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەنگاوی خێرا بگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەو لەشکرکێشییەی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و سنوورێك بۆ پەکەکە دابنرێت و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کەناڵە دیپلۆماسییەکانیەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندییان باشە، بەتایبەتی هێزەکانی هاوپەیمانان کار بۆ ئەوە بکەن کە ناوبژیوانی بکەن بۆ ئەوەی پەکەکە و سوپای تورکیا سنووری خاکی عێراق بەجێبهێڵن و پەکەکە بچێتەوە باکووری کوردستان و سوپای تورکیاش لە کوردستان بکشێتەوە، نەك وەك ئێستا بەبیانووی پەکەکەوە خاکی باشووری کوردستان داگیر بکات.»

### پەکەکە کار بۆ ئەوە دەکات سوپای تورکیا بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە ڕۆڵی خراپی پەکەکەش سەفین عومەر گەردی وتی : «پەکەکە ئامانجی ئەوەیە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان تێك بدات و، بەلایەنی کەم بارودۆخی سەقامگیر نەبێت. پەکەکە کار بۆ ئەوە دەکات سوپای تورکیا بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، هەر بەو هۆکار و بیانووەوە ئێستا سوپای تورکیا نزیکەی ٧٠ بنکە و بارەگای لە ناو خاکی باشووری کوردستان داناوە و پەکەکە ئامانج و ڕەفتاری بۆ ئەوەیە کە باشووری کوردستان داگیر بکرێت لەلایەن سوپای تورکیاوە، ئەگەر وا نییە، پەکەکە با بچێتەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی لە باکووری کوردستان و لە ناو خاکی تورکیادا، نەك بێت کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەگەر بیانووی پەکەکە نەبێت، چۆن سوپای تورکیا دەتوانێت سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت؟ سنووری هەرێمی کوردستان دوور و درێژە، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، بۆیە بە تەنیا بە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ ناکرێت، بەڵام پێشمەرگە مافی خۆیەتی بچێت لە هەر شوێن و ناوچەیەك لە سنوور بارەگا و خاڵی خۆی تێدا دابنێت، ئێستا لە ١٥ کیلۆمەتر بۆ ٤٠ کیلۆمەتر بە قووڵایی خاکی هەرێم سوپای تورکیا هاتووەتە ناو خاکی کوردستانەوە. هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاك و سنووری باشووری کوردستان دژی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام کەمتەرخەمیی عێراقیشی تێدایە، چونکە تا ئێستا عێراقی فیدراڵ لەسەر ئەم لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ نەهاتووەتە دەنگ و ئێستا سێ فەوجی پاسەوانی لە سنوورەکان دانراون، ئەمەش هێزێکی زۆر کەمە لەبەر ئەوەی ئێمە سنوورمان لەگەڵ ئێران و تورکیا و سووریا هەیە و سنوورێکی دوور و درێژە پێویستی بە هێزی زۆر هەیە، کە هاوبەش بێت لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا کە هەرگیز بەو هێزە کەمەی پاسەوانی ناوچە سنوورییەکان ناپارێزرێت، بەڵکو ئەو سنوورە پێویستی بە ١٠تا١٢ لیوای پاسەوانی هەیە. بەڵام دیارە حکومەتی عێراقی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە هەیە، بۆیە ڕێگا بەو دەستدرێژی و داگیرکارییانە دەدات کە سوپای تورکیا ئەنجامی دەدات، لەلایەکی دیکە پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، هەر بەم هۆکارەیە کە پەکەکە بارەگایان لە شنگاڵ و چەندین شوێنی دیکە هەیە، هەر پەکەکە بوو پێنج پێشمەرگەی شەهید کرد لە چیای مەتین چەندین خراپەکاری و ڕەفتاری نارەوایان ئەنجام داوە. پەکەکە بووەتە هۆکارەی ئەوەی چەندین خەڵکی سڤیل بریندار و شەهید بن، جگە لەوەی گوند و ناوچەکانیان وێران بووە و دانیشتووانەکەی هەر هەموو دەربەدەر بوون، سەرەڕای هەموو ئەم تاوانانە پەکەکە بە پشتیوانیی حەشدی شەعبی لەسەر ڕەفتارە نارەواکانی بەردەوامە و سڵ لە تاوان ناکەنەوە، بۆیە دەبێت بە هەموو توانا و هەوڵێك کار بۆ ئەوە بکرێت کە پەکەکە لە باشووری کوردستان و سنوورەکان نەمێنێت، تاوەکو سوپای تورکیاش ئەو بیانووەیان نەمێنێت لەشکرکێشیی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکات. ئێمە هەموو ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام دا و داتا و زانیاری و داواکارییەکانی خەڵکەکە هەیە، کردوومانەتە ڕاپۆرتێك و پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، چاوەڕوانی ئەوەین لە دوای ڕۆژانی جەژنی قوربان کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئەنجام بدرێت، بەتایبەت بۆ ئەوەی بڕیار و هەڵوێست وەربگیرێت لەسەر لەشکرکێشیی سوپای تورکیا و سنوورێك بۆ کارو ڕەفتارەکانی پەکەکەش دابنرێت».

**ڕەفتارەکانی پەکەکە بووەتە بیانوویەک بۆ هێرش و سنووربەزاندن و لەشکرکێشیی بەردەوامی سوپای تورکیا**

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەنگاوی خێرا بگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەو لەشکرکێشییەی سوپای تورکیا**

**سنووری هەرێمی کوردستان دوور و درێژە، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، بۆیە بە تەنیا بە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ ناکرێت**

**حکومەتی عێراقی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە هەیە، بۆیە ڕێگا بەو دەستدرێژی و داگیرکارییانە دەدات کە سوپای تورکیا ئەنجامی دەدات**



مەسعود حەیدەر
ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی:

# هەڵبژاردن گۆڕانکاریی گەورە و بنەڕەتی لە واقیعی تاڵی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی عێراق دروست ناکات

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژادنەکانی عێراق و هەستیاریی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی وڵات، نارەزایەتییەکانی شەقام و ململانێ سیاسییەکانی حزبەکان بە چڕی دەستی پێ کردووەتەوە، سەبارەت بەخۆئامادەکردنەکان بۆ هەڵبژادنەکان و ڕەوشی سیاسی و ئابووریی عێراق چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەسعود حەیدەر ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی کرد. لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق؛ وڵات بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و، ململانێ و دەستێوەردانەکان زیاتر دەبن. وەکو شارەزایەك لە بارودۆخی عێراق خوێندنەوەت بۆ ئەم هەڵبژادنە و واقیعی ئێستای عێراق چییە؟**

- سەرەتا پێش ئەوەی وەڵامی خۆئامادەکردنەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بدەمەوە، دەبێت باسێکی ڕەوشی گشتیی شەقام و بارودۆخی سیاسیی عێراق بکەم، ئەم وڵاتە هەرچەندە خاوەن سامانێکی مرۆیی و سرووشتیی دەوڵەمەندە، بەڵام لە دامەزراندنیەوە واتا لە سەردەمی مەلیکییەوە تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەقامگیریی سیاسی بەخۆوە نەبینیوە، ئەو سەقامگیرییەی بۆ گەیشتن بە قۆناغی پەرەپێدانی ئابووری و سەقامگیریی ئابووری پێویستیەتی. بە درێژایی سەردەم و قۆناغەکانی ڕابردوو تاکوو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەم وڵاتە بە ملیاران دۆلاری لە شەڕی ئیقلیمی و ناوخۆییدا بە هەدەر داوە و شوێنەوارەکانی تا ماوەیەکی دوورودرێژ بە سەر گەلانی عێراقەوە دەمێنێتەوە، لەئێستاشدا حکومەتەکەی کازمی نەیتوانیوە لەئاست خواست و ویستەکانی شەقامدا بێت، ئەو شەقامەی عێراقی کە بەوە ناسراوە خاوەنی زۆرینەی گەنجی نارازییە، ئەم توێژەی ناو کۆمەڵگە کە بەتێکڕا لە تەمەنی ٢١ساڵیدایە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە زەمەنی ڕژێمی بەعس نییە و داوای ژیانێکی خۆش و خۆشگوزەرانییەکی باش دەکەن، هەر هیچ نەبێت، لە هاوتای ژیان و باروگوزەرانی گەنجێکی وڵاتانی دراوسێی عێراقدا، واقیعە تاڵەکە لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە، هەر بۆیە گەنجەکان لە عێراقدا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە بەم سیستەمە سیاسییەی ئێستا کە حزبە شیعەکان پاوانیان کردووەو، کەموکورتیی گەورەی تێدایە، هەرگیز چاوەڕوانی گۆڕانکاریی و چاکسازیی بنەڕەتی ناکرێت، بۆیە داوای گۆڕینی کۆی سیستەمەکە دەکەن، سیستەمێك توانای گۆڕانکاریی بنەڕەتیی سیاسی و ئابووری هەبێت و، کۆتایی بە گەندەڵی و لاوازیی بەڕێوەبردنی وڵات بهێنێت، لە بەرامبەردا هەر خۆی لەخۆیدا حکومەت نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لەو قۆرخکاریی و گەندەڵییەی حزبە شیعەکانی لایەنگرانی ئێران تێیدا تاوانبارن، ئەم میلیشیات و حزبە سیاسیانەش خاوەنی چەکداری سیاسی و پارەی سیاسیی گەورەن و وا بەئاسانی ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن، لە بەرامبەریشدا حکومەت بە ئاشکرا لە دۆسیێی چاکسازیی ئابووریدا شکستی هێناوە، ئەو ئابوورییە سەقامگیرەی زامنی بەدەستهێنانی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە، ئاخر چۆن لە ئابوورییەکی ڕەیعی تاکە سەرچاوەی پترۆ دۆلار و بەو هەموو گەندەڵییە دەتوانرێت کەرتە بەرهەمهێنەکانی دیکە ببووژێنرێتەوە و کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی گرنگیان پێ بدرێت، تاوەکو زۆرینەی هەلی کار بۆ گەنجەکان فەراهەم بکرێت. لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناسەقامگیر و خراپەدا زۆر زەحمەتە هەڵبژادنەکان و ئەنجامەکانی وڵات بەرەو سەقامگیری سیاسی و ئابووری بەرێت و ڕێگری لە دەستێوەردانی دەرەکی بکرێت، بەپێچەوانەوە تا ماوەیەکی زۆر زیاتریش دەوڵەتی قووڵ زیاتر ڕەوشی ئەمنی و سەقامگیریی سیاسی دەشێوێنێت.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژادنەکان ژمارەو ناوی کاندیدەکانی لەناو هەموو بازنەکانی هەڵبژاردن بڵاوکردەوەو ئەو هەموو ئامادەکارییانەی کە ئێستا حزبە سیاسییەکان ئەنجامی دەدەن، هەمووی بەو ئاراستەیە دەڕوات هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت، لەمەشدا فاکتەری فشاری ناوخۆ و کۆمەڵگەی

**مانەوە و بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا زامنی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد و کوردستانییەکانە لە عێراقدا**

**بە درێژایی سەردەم و قۆناغەکانی ڕابردوو تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەم وڵاتە بە ملیاران دۆلاری لە شەڕی ئیقلیمی و ناوخۆییدا بە هەدەر داوە و شوێنەوارەکانی تا ماوەیەکی دوورودرێژ بە سەر گەلانی عێراقەوە دەمێنێتەوە**

**گەنجەکان لە عێراقدا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە بەم سیستەمە سیاسییەی ئێستا کە حزبە شیعەکان پاوانیان کردووەو، کەموکورتیی گەورەی تێدایە، هەرگیز چاوەڕوانی گۆڕانکاریی و چاکسازیی بنەڕەتی ناکرێت، بۆیە داوای گۆڕینی کۆی سیستەمەکە دەکەن**

**چەکی سیاسی و چەکی دارایی وا دەکات لە هەڵبژادنەکاندا حزبە شیعیەکانی نزیک لە ئێران پارێزگاری لە هێزو پێگەی خۆیان بکەن و، هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نەیەت**

**گرنگ ئەوەیە لە دوای هەڵبژادنەکان حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و بە تێڕوانینێکی ڕوون پێکەوە لە بەغدا کار بۆ دروستکردنی کوتلەیەکی بەهێزی کوردی بکەن، بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان**

**پەرتەوازەیی کوتلە کوردییەکان چۆن هەڵوێستی کوتلەکانی لاواز کردو بەپێی پێویست نەتوانرا پارێزگاریی لە ماف و شایستە داراییەکانی کوردستان بکرێت**

**جگە لە بەکارهێنانی چەک، مەترسیی تەزویرێکی زۆر هەیە لە سەرجەم ئەو ناوچانەی میلیشیاتەکان تێیدا باڵادەستن و خۆیان لە سەرووی یاسا و دەوڵەتەوە دەبینن**

نێودەوڵەتیش بوونیان هەیە، بەوەی وا لە کوتلە سیاسییەکان و سەرکردە عێراقییەکان دەکەن، هەڵبژادنەکان ئەنجام بدەن. ئەوان ئومێدی ئەوەیان هەیە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرین کە لە ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا سەریهەڵدا، هەڵبژادنەکانی ئەمجارە هاوکێشە سیاسییەکە لەعێراقدا بگۆڕن، بەڵام لە واقیعدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی نابێت.

*** کەواتە ڕاتان وایە هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاریی ئەوتۆ دروست ناکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە بەو شێوەیەی ئێستا دەستێوەردانی ئیقلیمی تێدا بکرێت، بەهەمان شێوە حزبە سیاسییەکانی نزیک لەئێران هەر لە پێگەی خۆیان دەمێننەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و وەڵامدانەوەی پێویستی بە خوێندنەوەی واقیعی ئێستای عێراق هەیە؛ هەموومان دەزانین چەك بە شێوەیەکی بەربڵاو بە دەست میلیشیاتە چەکدارەکانەوە هەیە، کە جگە لەهێزی چەکدار دەسەڵاتێکی ئابووریی گەورەشیان هەیە، واتا پاوانخوازیی چەك و پارەی سیاسی و پاڵپشتیی ئێرانیشیان هەیە، بۆیە بەپێچەوانەی تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، من چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و زۆر لە واقیعی تاڵی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی عێراق ناکەم، ئەم وڵاتە لەناو بازنەیەکی داخراوی دوو بەرەی تا ڕاددەیەك دوور لە ئێران و ناو ئێران دەمێنێتەوە، بەشێك لە کورسییەکان لەناو هێزە شیعیەکاندا زیاد و کەم دەکات، بەڵام حزبە شیعیەکانی نزیك لە ئێرانەوە کە خاوەنی چەك و ئابوورییەکی بەهێزن، لە گۆڕەپانەکەدا هەر دەمێننەوە، بەپێچەوانەی خواست و ویستی شەقامەوە. چەکی سیاسی و چەکی دارایی وا دەکات لە هەڵبژادنەکاندا حزبە شیعیەکانی نزیك لەئێران پارێزگاری لەهێزو پێگەی خۆیان بکەن و، هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا نەیەت.

لەم واقیعەدا گەلانی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکان تووشی نائومێدییەکی زیاتر دەبن، بەپێچەوانەوە ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری لەم وڵاتەدا زیاتر دەبێت، نەك کەمتر بێتەوە.

*** سەبارەت بە کورد لەناو هاوکێشە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینی، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم؟**

- ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پارێزگاکانی کوردستاندا تا ڕاددەیەك ڕوون و ئاشکرایە و بەسەر حزبە کوردییەکاندا دابەش دەبێت، لەم هاوکێشەیەدا حزبە بچووکەکان ژمارەی کورسییەکانیان کەم دەبێتەوە و ڕۆڵیان کەم دەبێت، بەڵام حزبە گەورەکان پارێزگاری لە کورسییەکانیان دەکەن، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە تا ڕاددەیەك دیموکراتیەتی مەرکەزیان تێدایە و ئەندام و لایەنگرانی گوێڕایەڵی سەرکردایەتییەکەیانە کە بە چ ئاراستەیەك سەرکردایەتی دەکەن، حزبێکی گەورەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەی خۆی دەپارێزێت.

سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم بە کەرکووك و بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیالە و تکریت و مووسڵ و دەشتی نەینەواشەوە، لە هەموو ئەم ناوچانەدا زۆر گرنگە کورد بەشدارییەکی باشی هەبێت و لە هەڵبژادنەکاندا پێگەی خۆی بپارێزێت و، ژمارەی کورسییەکانی کەم نەکات، لەمەش گرنگتر ئەوەیە لە دوای هەڵبژادنەکان حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و بە تێڕوانینێکی ڕوون پێکەوە لە بەغدا کار بۆ دروستکردنی کوتلەیەکی بەهێزی کوردی بکەن، بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان، تا ئەم کوتلە کوردییە یەکگرتوو بێت، بەهێزتر دەتوانرێت بەرگری لە مافە نەتەوەیی و شایستە دارایی و ئابوورییەکانی کوردستان بکرێت، لەم خولەدا بینیمان کە پەرتەوازەیی کوتلە کوردییەکان چۆن هەڵوێستی کوتلەکانی لاواز کردو بەپێی پێویست نەتوانرا پارێزگاریی لە ماف و شایستە داراییەکانی کوردستان بکرێت، چونکە لەناو پەرلەمانی عێراق کوتلە سیاسییەکان پێگەیەکی بەهێزیان نەبوو، بگرە دابەشبوونێکی ئاشکرایان پێوە دیار بوو. ئومێد دەکەم بۆ قۆناغی داهاتوو لە دوای هەڵبژاردنەکان کورد لە بەغدا بارودۆخی باشتر بێت، هەرچەندە سەقامگیریی سیاسیی عێراق بە دوور دەبینم، هەر خۆی لەخۆیدا لە هەڵبژادنەکان میلیشیاتەکان چەك و چەکداریان هەیە و بەشی سیاسییان هەیە و بەشدارن لە هەڵبژاردنەکان و سوودیان لە نەبوونی دیموکراسی وەرگرتووە، کە

خەڵکی ناتوانن ئازادانە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن، بە ڕادەیەك مەترسی هەیە لەسەر ژیانی کاندید و پاڵێوراوەکان و ژیانیان لە مەترسیدایە. کە جگە لە بەکارهێنانی چەك، مەترسیی تەزویرێکی زۆر هەیە لە سەرجەم ئەو ناوچانەی میلیشیاتەکان تێیدا باڵادەستن و خۆیان لە سەرووی یاسا و دەوڵەتەوە دەبینن و، هێزە چەکدارەکانی حکومەتیش نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە کۆنترۆڵی ئەم هێزە چەکدارانە بکەن. بە شێوەیەکی گشتی مەترسییەکی گەورەو هەیە لەسەر شەفافییەتی هەڵبژاردن و پاك و پێگەردیی پرۆسەکە، بەوەی چەکی تێدا بەکارنەهێندرێت و پارەی سیاسی بۆ هەڵخەڵەتاندن و کڕینەوەی دەنگ بەکار نەهێندرێت. خۆ ئەگەر هاووڵاتی عێراقی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆیان ڕوون ببێتەوە کە دەنگەکانیان ئەو گرنگییەی نییە، مومکینە وەکو ٢٠١٨ جارێکی دیکە هاووڵاتی عێراقی بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکات، ئەمەش ڕێگا زیاتر خۆش دەکات بۆ ئەو میلیشیاتانەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن.

سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تا ڕاددەیەك پەیوەندی هەیە بۆ ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەر چەندە لە ماوەی ڕابردوودا هەموو ئەو هەوڵانەی درا، هیچی جێبەجێ نەکراوە، بەتایبەتی لە ناوچەی شنگال، بەڵام هەوڵیش هەیە بۆ ئەوەی ڕەوشی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگاکانی خۆی وەربگرێتەوە کە لەسەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ناهەقییەکی گەورەیان بەرامبەر کردووە، زوڵمێکی گەورەشە بەرامبەر پارتی و کاندیدەکانی لە تەواوی ئەو ناوچانە کە لەلایەك بارەگاکانی داگیر کرابێت و لەلایەکی دیکەوە بەم شێوەیە کاندیدەکانی بۆ پەرلەمانی عێراق بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. لەمەشدا تا ئێستا میلیشیاتە چەکدارەکان ڕێگرییەکی سەرەکین و ئەجیندەی دەرەکی هاندەریانە. لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەوەی پارتی دیموکرانی کوردستان سەرە ڕمە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانی پێکهاتەکان، کار بۆ یەکڕیزیی نێوان کوتلە سیاسییەکانی کوردستان و بەهێزیی پێگەی کورد لە عێراق دەکات، گرنگە خەڵکی کوردستان ئەو بەرچاوڕوونییەیان هەبێت، کە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگریکار و داکۆکیکار بوون لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا و لەم پێناوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانی زۆری داوە، بۆیە بۆ بەهێزبوونی پێگەی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و لە پێناو زامنکردنی مافە دەستووری و یاساییەکان و دابینکردنی شایستە داراییەکان گرنگە خەڵکی کوردستان پشتیوانی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان بن.

*** باسی سیستەمی سیاسیی عێراقتان کرد، کە توێژی گەنجان زۆر لێی نارەزاین. ئایا دەکرێت باسێکی ئەم سیستەمە سیاسییەمان بۆ بکەن کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لەم وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێت؟**

- ئەو سیستەمە سیاسییەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لەم وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێت، سیستەمێکە لەسەر بنەمای ڕازیبوونی خەڵکی لەسەر حیسابی ئایندەیان و دواڕۆژی نەوەکانی دیکە دامەزراوە و لە چاوەڕوانی دارمانی گەورەی ئەو سیستەمەین، کە نەتوانراوە لەناو ئەم سیستەمەدا چاکسازی و گۆڕانکاریی بنچینەیی لە ژێرخانی ئابووری و بوارەکانی ئیداری و دارایی و تەشریعی ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لەگەڵ گەشەکردنی خێرای دانیشتووان و خراپبوونی باروگوزەرانی ژیان و هەڵکشانی هەژاری و بێکاری و خراپبوونی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی. لە ٢٠١٨ زیاتر لە ٨٥٠ هەزار گەنجی عێراقی خوێندنی دواناوەندی و زانکۆیان تەواو کردووە و پێشبینی دەکرێت ئەم ژمارەیە ساڵانە بۆ یەك ملیۆن گەنج بەرز ببێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا حکومەت تەنیا توانیویەتی ٥٠ هەزار هەلی کار دابین بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ناسەقامگیریی سیاسی، ئەم حکومەتەی عێراق هەرگیز بەو سیستەمە ئابوورییەی ئێستا توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەی نابێت، خۆ ئەگەر مشورێکی ئەو هەموو گەنجە بێکارە نەخورێت، هەرگیز هەڵبژاردنەکان نابنە هۆکارێك بۆ سەقامگیری.

**مەترسییەکی گەورەو هەیە لەسەر شەفافییەتی هەڵبژاردن و پاك و پێگەردیی پرۆسەکە، بەوەی چەکی تێدا بەکارنەهێندرێت و پارەی سیاسی بۆ هەڵخەڵەتاندن و کڕینەوەی دەنگ بەکار نەهێندرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان سەرە ڕمە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانی پێکهاتەکان، کار بۆ یەکڕیزی نێوان کوتلە سیاسییەکانی کوردستان و بەهێزیی پێگەی کورد لەعێراق دەکات**

**گرنگە خەڵکی کوردستان ئەو بەرچاوڕوونییەیان هەبێت، کە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگریکار و داکۆکیکار بوون لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا و لەم پێناوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانی زۆری داوە**

**لە ٢٠١٨ زیاتر لە ٨٥٠ هەزار گەنجی عێراقی خوێندنی دواناوەندی و زانکۆیان تەواو کردووە و پێشبینی دەکرێت ئەم ژمارەیە ساڵانە بۆ یەک ملیۆن گەنج بەرز ببێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا حکومەت تەنیا توانیویەتی ٥٠ هەزار هەلی کار دابین بکات**



قەشە دکتۆر عیماد خۆشابا

جێگری گشتیی ئەبرەشیەی کلدانی دهۆک و ئامێدی بۆ گوڵان:

# پاپا مەبەستی بوو بە شەخسی سوپاسی سەرۆک بارزانی بکات بۆ پێشوازیی کوردستان لەو هەموو ئاوارەیە

**ناسنامەی گەشی ئێستای کوردستان لەسەر ئاستی جیهان، لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانە، هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، کوردستان بە شوناس و وڵاتی خۆیان بزانن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو واقیعەی ئێستای کوردستان کە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی بۆ هەمووان کردووەتە نیعمەتێکی گەورە، سەردانی (ئەبرەشیەی کلدانی دهۆك و ئامێدی)مان کرد لە شاری دهۆك و ئەم دیدارەمان لەگەڵ قەشە دکتۆر عیماد خۆشابا ئەنجام دا و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین: ئایا لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان چ مانایەکی لای ئێوە هەیە، یان هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم لێبوردەیی و پێکەوەژیانە چۆنە؟**

- گومانی تێدا نییە، لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان بابەتێکی هێجگار گرنگە، ئەمەش کوردستانی کردووەتە باخچەیەك کە پڕیەتی لە گوڵی هەمەجۆر و هەموو گوڵەکانیش پێکەوە گوڵستانێکیان دروست کردووە، لەمەوە دەمەوێت بڵێم: ئەگەر باخچەیەك تەنیا یەك جۆر گوڵی تێدا بێت، ئەوە بۆ باخچەیەك کەمە، تەنیا یەك جۆر گوڵی هەبێت، بەڵام ئەگەر گوڵی هەمەڕەنگی تێدا بوو، سیمای باخچەکەش جوانتر و ڕازاوەتر دەردەکەوێت. ئەو فرەیی ئایینەی ئەمڕۆ لە کوردستانیشدا هەیە، هەر ئایینێك وەك گوڵێك دەردەکەوێت. خوای گەورە وەك نیعمەتی خۆی ئەم دیارییەی بە کوردستان بەخشیوە، بۆیە ئەرکی هەموومانە کە لەژێر سایەی سەرۆك بارزانی ئەم نیعمەتە بپارێزین و هەوڵ بدەین ئەم سیمای لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە بکەینە ناسنامەی کوردستان و هەموو جیهانیش ڕێز لەم ناسنامەیە دەگرێت.

*** ئێمە هەموومان لە ناوچەیەك دەژین کە پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین، دەبینین لەو وڵاتانەی دەوروبەریشمان فرەیی بوونی هەیە، بەس پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نییە، ئەگەر عێراق بە نموونە وەربگرین، دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی کەم دەبێتەوە، بەڵام لە کوردستان زیاتر دەبێت، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پێوەرێك بووەتە هۆکار بۆ ئەم پێکەوە ژیان و لێبوردەیەیی کە ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە، ئەو پێوەرەش بایەخ و پارێزگاریی سەرۆك بارزانی-یە بۆ مانەوەی ئەم لێبوردەیی و پێکەوەژیانە و ئەمەی کردووەتە کەلتووری کوردستان، ئەگەر سەرنج بدەین کە ساڵی ٢٠١٤ داعش هات، ئەگەر کوردستان دەرگای بە ڕووی ئەو هەموو ئاوارەیە واڵا نەکردبا و پێشوازیی لێ نەکردنایە، ئەو هەموو خەڵکە بۆ کوێ دەچوو؟ بۆیە ئەو خەڵکە هەموویان ڕوویان کردە کوردستان و نەچوونە شوێنێکی دیکە، هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە لە کوردستان دڵنیایی و ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەمووان مسۆگەرە، لەلای تەواوی ئەو خەڵکەش ئەو مەزندەیە هەبووە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئامادەیە پێشوازییەکی شایستە لە هەمووان بکات.

**ئەرکی هەمووومانە کە لەژێر سایەی سەرۆک بارزانی ئەم نیعمەتە بپارێزین و هەوڵ بدەین ئەم سیمای لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە بکەینە ناسنامەی کوردستان و هەموو جیهانیش ڕێز لەم ناسنامەیە دەگرێت**

لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، کە ئێمەش بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستانیش هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامی سیاسی و توندڕۆیی بوونی هەیە و، گەلێك هەوڵیش هەبوون بۆ ئەوەی ئەم لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە لاواز بکەن، بۆیە پرسیاری من ئەوەیە: ئەگەر لۆژیکی سەرۆك بارزانی نەبووایە چۆن دەتوانرا لە کوردستانیش ئەم لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە بپارێزرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: کاتێك پاپا لە ٧ی ئاداری ٢٠٢١ هاتە کوردستان، من وەرگێڕی ئەو بووم و یاوەری بووم لە هەموو دیدارەکانی لەگەڵ بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و بەڕێز

**لای هەموو لایەک ئاشکرایە کە ئێستا بارزانی بێ پلە و پۆستی حکوومی مەرجەع و بابی هەموو کوردستانیانە**



**ئەگەر ئەو ڕێبازەی بارزان نەبوایە، ئێستا پێکەوە ژیان لەکوردستان لە ئاستیکی زۆر نزم و لاواز دەبوو، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە ڕێبازی بارزان بناخەیە بۆ پێکەوە ژیان و هەر ئەو ڕێبازەشە ئەمڕۆ سەرۆک بارزانی درێژەپێدەریەتی و هەوڵ دەدات فراوانتریشی بکات**

مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، لەم دیدارانەدا پاپا بەوانی گوت: «سوپاسی ئێوە دەکەم کە بەم ئاستە بەرزە پێشوازیتان لەمن کرد، بەڵام سوپاسێکی زۆر گەورەتری ئێوە دەکەم کە دەرگای کوردستانتان واڵا کرد و پێشوازیتان لەو هەموو ئاوارەیە کرد»، ئەم قسانەی پاپا بۆ ئێمەی کوردستانی پەیامێکی هێجگار گەورە بوو و پشتگیرییەکی زۆر گەورەش بوو، لەبەر ئەوەی جیا لەوەی پاپا مەرجەعێکی گەورەی کریستیانە لە جیهاندا، لە هەمانکاتدا بەم پەیامەی جیهانی ئاگادار کردەوە لەوەی کوردستان چۆنە و لەسەر ئەم خاکە مامەڵەیان لەگەڵ فرە ئایینی لە چ ئاستێکدایە.

هەر لەسەر ئەم پرسە و بایەخدانی سەرکردایەتیی سیاسی بە پاراستنی ئەم فرەیی و لێبوردەییە، دەمەوێت باس لە هەنگاوێکی ئەم دواییەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بکەم، بەر لەماوەیەك سەرۆك وەزیران لەگەڵ ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و چەند وەزیرێکی دیکە لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ هەڵگرتنی زیادەڕۆیی لەسەر زەویی کریستیانەکان، ئەم هەنگاوەی سەرۆك وەزیران ئاماژەیە بۆ بایەخدان بە کریستیانەکان، ئەگەر بایەخدان نەبێت، ئەو بڕیارە دروست نابێت.

ئەم بایەخدانەی سەرۆك بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکی حکومەت، کاریگەری زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان لەسەر ئاستی دەرەوە دۆست و برادەرمان هەیە و ئەم بایەخدانانەیان پێ ڕادەگەیەنین و ئەوانیش هەر یەك لای خۆیەوە دەیگەیەننە لایەنی دیکە و سیمایەکی گەشی کوردستان لە جیهاندا دروست دەکەن.



*** پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لە کوردستان ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و کاریگەری زۆری شێخانی «بارزان»ی لەسەر بووە، هەر ئەم ڕیشە مێژووییەش مەلا مستەفا بارزانی زیاتر فراوانی کردو ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەریەتی، ئایا تاچەند سەرۆك مسعود بارزانی بووەتە دڵنیایی و متمانە بۆ ئەم پێکەوە ژیان و لێبوردەییەی کوردستان؟**

- لە گەڵ ڕێز و ئیحترامم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم و ئەوەشی دەڵێم ڕای زۆربەی کریستیانەکانی کوردستانە، ئەگەر ئەو ڕێبازەی بارزان نەبوایە، ئێستا پێکەوە ژیان لەکوردستان لە ئاستیکی زۆر نزم و لاواز دەبوو، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە ڕێبازی بارزان بناخەیە بۆ پێکەوە ژیان و هەر ئەو ڕێبازەشە ئەمڕۆ سەرۆك بارزانی درێژەپێدەریەتی و هەوڵ دەدات فراوانتریشی بکات. من وەك قەشەیەك بە ئێوە دەڵێم و ئاگاداری ڕای بەشێکی زۆری کریستیانەکانم و هەموویان دەڵێن «بوونی ئێمە لەگەڵ ڕێبازی بارزان و لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی-یەو ئەگەرماڵی بارزان نەبن، ئێمە ناتوانین لە کوردستان بمێنینەوە»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی بووەتە هۆکاری ئارامی و دڵنیایی بۆ کریستیانەکان و مانەوەیان لەم وڵاتە، بۆیە دوعای ئێمە هەموو ئەوەیە خوا کوردستان بپارێزیت لە ژێر سایەی سەرۆك مسعود بارزانی-دا.

*** دیاردەیەکی دیکە کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە عێراق ژمارەی کریستیانەکان ڕووی لە کەمییە، بەڵام لە کوردستان ڕووی لە زیادکردن و هەڵکشانە، ئایا ئەم بەراوردە لای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟**

- لای من لۆژیکێك هەیە، هەموو جارێك

**ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لە قوداسی مەزن لە ڤاتیکان کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەموو جیهان ئامادە بوون و، بە ئامادەبوونی مار بوترس مەرجەعی هەموو کاسۆلیکەکان لە جیهاندا، نوێژی قوداسم بە کوردی خوێند**

**پاپا سەردانی هەر وڵاتێک دەکات، نوێژی قوداس لە سەنتەری ئەساسی ئەو وڵاتە دەکات واتە پایتەخت، بۆیە کام شار سەنتەر بێت و زۆرترین خەڵکی لێ بێت، لەوێ نوێژی قوداس دەکرێت، بەڵام لە سەردانی بۆ عێراق، پاپا داوای کرد نوێژی قوداس لە هەولێر ئەنجام بدرێت**

**دوای ئەوەی نوێژی قوداس لە هەولێر تەواو بوو، هەندێک خێزانی موسڵمان لە دهۆکەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و پێیان گوتم: «کاتێک بینیمان پاپا هاتە ناو یاریگای فرانسۆ هەریری لە خۆشیاندا فرمێسک بە چاوماندا هاتە خوارەوە»**

**سەردانی پاپا بۆ کوردستان سەلماندی کە هەرێمی کوردستان بۆ ڤاتیکان پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە**

کە دەچمە شوێنێك و پێم دەڵێن بگەڕێوە، پێیان دەڵێم ئەگەر پێشوازیکردنتان بەرز بوو، دڵنیابن دەگەڕێمەوە، ئەگەرنا جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە، کەواتە ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، بۆچی کریستیانی شارەکانی دیکەی عێراق هاتوون و ئێستا ناگەڕێنەوە بۆ مووسڵ و بەغدا و شارەکانی دیکە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە پێشوازیی کوردستان لەوان لە ئاستێکی بەرز بووە. جارێکیان گوێم بۆ شوانێکی کریستیان گرتبوو کە لە مووسڵەوە هاتبووە کوردستان و پێی گوتم: ئێمە هەتا داعش مووسڵی نەگرت لە ٢٠١٤ و نەهاتبووینە کوردستان نەماندەزانی کوردستان بەم جۆرەیە، بۆیە ئەگەر پێشتر بمانزانیبایە، دەبوو زووتر بهاتباین بۆ کوردستان، ئەمانە بۆ خەڵکانی سادەش بوونە پێوەر بەو مانای لە کوردستان دڵنیایی و سەقامگیری هەیە و، ئەمانەش هەمووی ڕەنگدانەوەی لۆژیکی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، بەتایبەتیش سەرۆك مسعود بارزانی.

*** ماوەی چەند ساڵێك بۆ خوێندنی نامەی ماستەر و دکتۆرا لە ڤاتیکان بوویت، ئایا ئەوانەی باست کردن، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڤاتیکان هەبووە؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمەوێت ڕووداوێکی تایبەتیتان بۆ بگێڕمەوە. من ساڵی ٢٠١٥ لە ڤاتیکان بووم، ڤاتیکان خۆی ئامادە دەکرد بۆ قوداسێکی گەورە لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، لە ڤاتیکانەوە ئاگادار کرامەوە کە لەو قوداسەدا نوێژێك بە زمانی «ئارام»ی بخوێنم، منیش لە وەڵامدا پێم گوتن، بۆ نوێژەکە بە کوردی نەخوێنم؟ لەوەڵامدا پێیان گوتم بە کوردی بۆ کێی دەخوێنی؟ لە وەڵامدا گوتم: لە جیهاندا بە ملیۆنها کورد هەن، ئەمەش پشتگیری و ڕێزە بۆ هەموو کورد و کوردستان کە ڕێز لە فرەیی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان دەگرن، سەرەنجام ڤاتیکان ڕازی بوو نوێژەکە بە کوردی بخوێنم و، ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لە قوداسی مەزن لە ڤاتیکان کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەموو جیهان ئامادە بوون و، بە ئامادەبوونی مار بوترس مەرجەعی هەموو کاسۆلیکەکان لە جیهاندا، نوێژی قوداسم بە کوردی خوێند، هۆکاری ئەو پێداگرییەم لەسەر خوێندنی نوێژی قوداس بە کوردی، هەست بە ئینتما و پشتگیری بوو بۆ ئەم خاکە کە ناوی کوردستانە، من لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە پیاوانی ئایینی ئەوجا (کریستیان، یان موسڵمان، یان ئێزیدی) لەناو کۆمەڵگە کاریگەری خۆیان هەیە و دەبێت هەموو کات ببنە هۆکاری خێر، نەك هۆکاری سلبی بۆ وڵاتەکەی خۆیان، زۆر جار ئەو فرسەتەی بۆ پیاوانی ئایینی هەڵدەکەوێت و دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بە خێر بگێڕن، لەوانەیە بۆ خەڵکانێکی تر هەڵنەکەوێت، بۆیە لەخوا دەپاڕێمەوە ئێمە هەموو ببینە هۆکاری خێر بۆ پاراستنی ئەم کوردستانە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردانەکەی پاپا بۆ کوردستان، بێگومان سەردانی پاپا بۆ عێراق و کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەنجامدانی قوداسی گەورە لە هەولێر چ پەیامێك بوو پاپا لە کوردستانەوە بۆ جیهانی نارد؟**

- ئەو پەیامەی پاپا زۆر گەورە بوو، خۆتان دەزانن کە پاپا سەردانی هەر وڵاتێك دەکات، نوێژی قوداس لە سەنتەری ئەساسی ئەو وڵاتە دەکات واتە پایتەخت، بۆیە کام شار سەنتەر بێت و زۆرترین خەڵکی لێ بێت، لەوێ نوێژی قوداس دەکرێت، بەڵام لە سەردانی بۆ عێراق، پاپا داوای کرد نوێژی قوداس لە هەولێر ئەنجام بدرێت، ئەم هەڵبژاردنەی پاپا بۆ ئەوەی نوێژی قوداس لە هەولێر ئەنجام بدات، ئەو پەیامە بوو بۆ جیهان کە هەولێر ئارام و سەقامگیرە و ناوەندی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە لە عێراقدا، ئەگەر سەرنج لە سەردانەکەی پاپا بدەینەوە، پاپا ماوەی چوار ڕۆژ لە عێراق مایەوە، بەڵام گەورەترین مەراسیم و ڕووداوی گرنگی هێنایە کوردستان، ئەویش نوێژی قوداس بوو بە ئامادەبوونی ١٠ هەزار کەس لە یاریگای فرانسۆ هەریری لەبەر چاوی هەموو کامێرەکانی جیهان. ئەمە کاریگەریی گەورەیشی لەسەر تەواوی کوردستانییەکان هەبوو، بڕوا بکەن دوای ئەوەی نوێژی قوداس لە هەولێر تەواو بوو، هەندێك خێزانی موسڵمان لە دهۆکەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و پێیان گوتم:

«کاتێک بینیمان پاپا هاتە ناو یاریگای فرانسۆ هەریری لە خۆشیاندا فرمێسک بە چاوماندا هاتە خوارەوە»، ئەمە مانای ئەوەیە هاتنی پاپا بۆ کوردستان تەنیا بۆ کریستیانەکان نەبوو، بەڵکو هاتن بوو بۆ لای هەموو کوردستانیان.

*** لەبەر ئەوەی لە ڤاتیکانەوە نزیکی، پێمان خۆشە ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا دوای سەردانەکەی پاپا پشتگیریی ڤاتیکان بۆ کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- پشتگیریی ڤاتیکان بۆ کوردستان زۆرە، بەڵام سرووشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زۆر جار دەبنە کێشە لە بەردەمی ڤاتیکاندا، بۆ نموونە ئەگەر ڤاتیکان لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییە پشتگیریی کوردستان بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ڤاتیکان تەجاوزی عێراق دەکات، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ دەستی ڤاتیکان واڵا بێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان نەبنە ڕێگر، ئەوا سەد لە سەد ڤاتیکان پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکات. کێشەی سەرەکیی ئەوەیە هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش سەردانی پاپا بۆ کوردستان سەلماندی کە هەرێمی کوردستان بۆ ڤاتیکان پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە، هەروەک قەداسەتی پاپاش بە سەرۆک بارزانی گوت: «سوپاسی ئێوە دەکەم کە پێشوازیتان لەو هەموو ئاوارەیە کرد و کوردستان بووەماڵی هەمووان.» لێرەدا دەخوازم ئەوەش بڵێم، پاپا هەموو قسەیەکی حیسابی خۆی هەیە و هیچ شتێک ناڵێت ئەگەر پەیامێکی تێدا نەبێت.

*** سەبارەت بە دیدارەکەی پاپا و سەرۆک بارزانی، خۆت دەزانی ئێستا سەرۆک بارزانی هیچ پۆستێکی فەرمیی حکوومی نییە، چۆن بە شێوەیەکی پرۆتۆکۆلی ئەم دیدارە ڕێکخرابوو؟**

- پاپا کاتێک هات دیداری لەگەڵ سەرۆک بارزانی کرد، ئەمە بەو ئیعتوبارەی سەرۆک بارزانی مەرجەع و بابی هەمووانە و ئەم دیدارە لە بەرنامەی سەردانەکەی پاپا لە پرۆتۆکۆلێکی تایبەتدا تۆمار کرابوو، لەمەش زیاتر ئەوە لای هەموو لایەک ئاشکرایە کە ئێستا بارزانی بێ پلە و پۆستی حکوومی مەرجەع و بابی هەموو کوردستانیانە.



### قەشە دکتۆر عیماد خۆشابا لە چەند دێڕێکدا

- لە ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی هەمدەلەی ناوچەی بارزان لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ بە خێزانەوە هاتوونەتە پارێزگای دهۆک و هەر لەوێش قۆناخەکانی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ئەوەی ببێتە قەشە، چووەتە کۆلێژی فەلسەفە و لاهوت لە بەغدا.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە قەشە لە گوندەکانی دەوروبەری ئامێدی هەتا ساڵی ٢٠١٠.
- لە ساڵی ٢٠١٠ و بە مەبەستی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا دەچێتە ڤاتیکان و لەوێ نامەی دکتۆراکەی لەسەر یاسای کەنیسەکان پێشکەش دەکات.
- لە ٢٠١٦ دەگەڕێتەوە کوردستان و دەبێتە جێگری گشتیی ئەبرەشیەی کلدانی لە دهۆک و ئامێدی لە شاری دهۆک، هەتا ئێستا.



**پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی**
**ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:**

# لە رابردووشدا مینبەرەکانی کوردستان، بڵندگۆی زیندووی بانگەوازی پەیامی پیرۆزی ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن بووە

# تووڕەبوون و توندڕەوی،ماڵوێرانییە و هەر ئایین و بیروبۆچوونێک کە گەشە دەکات لە سایەی نەرمونیانی و یەکتر قبووڵکردنە

## هەموو گەل و دەسەڵات و ئەو بیرانەی کە توندڕەو بوون لەناوچوون و کەس خۆزگەی پێ نەخواستوون

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشەویستیی نیشتمانە، شەرعییەتی سەربەخۆبوونی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بووە، ئایا لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو دواهەمین ئایینی خودای تاك و تەنیا بۆ مرۆڤایەتی، کە ئایینێکی کامڵ و گشتگیرە، تەواوی بۆشاییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پڕ کردووەتەوە، شتێك نییە لەو بەرنامە خوداییەدا جێگای نەبووبێتەوە، هەر بۆیە تاکە ئایینێك کە مرۆڤەکانی دەستی پێوە بگرێت و ببێتە مایەی سەرفرازییان و خوداش لەو ئایینە ڕازی بێت، ئایینی ئیسلامە، هەر وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (الْيَـوْمَ أَكْمَلْـتُ لَكُـمْ دِينَكُـمْ وَأَتْمَمْـتُ عَلَيْكُـمْ نِعْمَتِـي وَرَضِيـتُ لَكُـمُ الْإِسْـلَامَ دِينـاً) المائدە/٣ . یان دەفەرموێت: (إِنَّ الدِّيـنَ عِنْـدَ اللَّـهِ الْإِسْلَامُ) ال عمران/١٩، لەم ئایینە پیرۆزەدا یەکێك لەو چەمکانەی کە دەبێتە هۆی کامڵبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەمکەکانی (لێبوردەیی، پێکەوەژیان و ئاشتی)یە و هەر خودی قورئانیش جەخت لەسەر ئەم چەمکانە دەکاتەوە و لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا چەمکی (لێبوردیی) بووەتە سەنتەری سەرکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، تەنانەت پاداشتی کەسی لێبوردە لەلایەنی خوای پەروەردەگارەوەیە (فَمَـنْ عَفَـا وَأَصْلَـحَ فَأَجْـرُهُ عَـلَى اللَّـهِ)، بە دڵنیایەوە کەسی لێبوردە دەبێ چاکسازیش بکات و لایەنە خراپەکان

بگۆڕێت بە چاکە، لە کوێدا بەرژەوەندیی گشتی تێکچووە، بیخاتەوە سەر ڕەوڕەوە و ڕێگای ڕاست و دروستەکەی خۆی.

ئیسلام مرۆڤی وەکو بەنرخترین دروستکراوی خودا ناساندووە، هەر وەك پەروەدگار ڕێزی لێ ناوە و کردوویەتیە خاوەن شکۆ، داماڵدراو لە هەر ئایین و ئایدیا و بیروبۆچوونێك هەموو مرۆڤەکان ڕێزلێگیراون: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)، کەواتە مادام هەموو مرۆڤایەتی خاوەنی ئەو ڕێز و شکۆ خودایییە زۆر سرووشتییە کە لەسەر سفرەی ژیان پێکەوە کۆ ببنەوە و لە ڕووی توانا و سەلیقە و داهێنان هاوکار و دەستبارگری یەکتر بن، ئەوەتا لە مێژووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە مەدینەدا دەستووری نووسی، لەم دەستوورەدا کە (٥٢)بەندە کە (٢٧) بەندیان لەسەر قازانج و پاراستنی موسڵمانەکان بووە، کەواتە لە فەرهەنگی ئیسلامدا پێکەوەژیان ئامانجە و لە پێناویشیدا هەنگاوی گرنگی دەوێت و تەواوی ئایین و ئایینزاکانیش لە سایەیدا دەحەوێنەوە، ئەم چەمکە لە ژیانی پێغەمبەری خۆشەویستدا بە کردار بەرجەستە بووە کە لە مامەڵەی شیرینی لەگەڵ جوولەکە و گاوردا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوەتا پێغەمبەری خۆشەویست کە ئاژەڵێکی سەربڕی، فەرمووی: ئایا بەشی دراوسێی جوولەکەمانتان ناردووە؟ بڕیاری پیرۆزی وابوو کە یەکەم کەس لە دراوسێی جوولەکەوە دەست بە دابەشکردنی خێرەکەیان بکەن، جگە لەمەش لە بواری پەرستنیشدا کە شاندی گاورەکان هاتنە مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە، ئەوە خودی پێغەمبەر (د.خ) ڕێگای پێدان کە لە خودی مزگەوتەکەی خۆیدا سروتە ئایینییەکانیان جێبەجێ بکەن.

کەواتە ئایینداری ڕاستەقینە بەو جۆرە دەبێت کە نموونەمان بۆ هێنایەوە، هەر بۆیە ئەم سێ چەمکەی کە باسمان کرد لە ئایینداریی گەلی کورددا بە درێژای مێژوو ڕەنگدانەوەی هەبووە، لە وڵاتی کوردەواریماندا جگە لەوەی زۆرینەی (ڕەها) موسڵمان بوون و لە هەمان کاتدا جوولەکە و مەسیحی و کاکەیی و ئێزیدیش هەبوون، بەڵام هیچ کاتێك بەریەککەوتن بە بارە دژوارەکەیدا نەبووە و لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بە جۆرێك بووە کە جیاکاری لەنێوان ئەم ئایینانەدا هەستی پێ نەکراوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە کورد کێشەی ئایینی نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ دوژمنە داگیرکارەکانیدا کێشەی خاك و سەربەخۆیی هەبووە.

*** زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەڵکەوتوون و ڕێبەرایەتییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە و، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان ( د.خ) کردووە بە دروشم کە دەفەرموێت: (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە)، ئایا شەرعیەتی سەربەخۆبوونی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕوانگەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- هەموو مرۆڤەکان دروستکراوی خودان، بە جیاوازیی ڕەنگ و شێوە و زمان و کەلتوورییان، کە ئەم جیاوازییەش نیشانەی دەسەڵاتی بێ سنووری پەروەردگارە، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (مِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) الروم/٢٢، کەواتە تەواوی زمانەکان خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بووە کە دروستیان بکات، واتە خودا ڕازی بووە کە تەواوی ئەو گەلانە بە جیاوازی ڕەنگ و شێوە و ئاخاوتن هەبن و بە دڵنیاییەوە هەر یەکێك لەم زمان و شێوە جیاوازانە شوێنی خۆیان هەیە و، مافی خۆیانە خاوەنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بن، یان نەخشەڕێگای ژیانیان دیاری بکەن. بۆ ئەو مەبەستە ئەوەتە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە ڕوونی خوای باڵادەست حیکمەتی دابەشبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر چەند گەل و قەبیلەیەکدا بەدەرئەخات کە بۆ یەکتر ناسینە: (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)، ئیتر هیچ نەتەوەیەك بۆی نییە لە هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەیەکی دیکە بێت، هەروەك چۆن هەموو نەتەوەیەك مافی پارێزگاریکردنی لە ژیان و زمان و کەلتووری خۆی هەیە، کە لە پێشەوەی هەموویان مافی (سەربەخۆیی)ە و کاتێك ئیسلام پانتایی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد، ئەوە دەسەڵاتی گەلانی سڕ نەکرد، بەڵکو خاك و عورفی گونجاوی بۆ دانیشتووانەکانی خۆی بەجێهێشت، تا بە ئازادی بژین، هەر بۆیە لە ئێستادا پرسیارێك ڕووبەڕووی جیهان دەکرێتەوە کە

**لە فەرهەنگی ئیسلامدا پێکەوەژیان ئامانجە و لە پێناویشیدا هەنگاوی گرنگی دەوێت و تەواوی ئایین و ئایینزاکانیش لە سایەیدا دەحەوێنەوە**

**کورد کێشەی ئایینی نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ دوژمنە داگیرکارەکانیدا کێشەی خاك و سەربەخۆیی هەبووە**

**کاتێک ئیسلام پانتایی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد، ئەوە دەسەڵاتی گەلانی سڕ نەکرد، بەڵکو خاك و عورفی گونجاوی بۆ دانیشتووانەکانی خۆی بەجێهێشت، تا بە ئازادی بژین**

ئەویش ئەوەیە ئایا ڕەوایە گەلێکی ٦٠ ملیۆنیی وەکو کورد تا ئێستا خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نەبێت؟ ئەگەرچی گەلی کورد لە سەردەمی (نوح) پێغەمبەرەوە لەسەر خاکی خۆی بووە و خاکی هیچ کەس و نەتەوەیەکی دیکەی داگیر نەکردووە، ئایا شەرم نییە بۆ مرۆڤایەتی کە لەسەربەخۆیی کورد بسڵەمێنەوە؟ ئەگەرچی زیاتر لە سەدەیەکە بێ پرسی کورد خاکەکەیان دابەش کردووە و کاتێکیش کورد بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی و بە بەشداریی زۆرینەی ڕەهای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاری ڕیفراندۆمیان دا، بەداخەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان و جیهانی عەرەبی دژایەتیی خۆیان بۆ ئەو مافە خوداییە نیشان دا، هەروەها عێراقی تێکەڵ لە بەناو سوپا و میلیشیا و مافیا قبووڵیان نەبوو کە دوو دراوسێی باش بین و بە هاوکاریی ناحەزان پەلاماریان داین و کەرکووکی کوردانیان داگیر و زویر و ڕەشپۆش کرد و، ئەوان قبووڵیان نەبوو کە لە (٩٣٪)ی گەلی کورد وتیان: (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی، بەڵام مادام ئیرادەی گەلی کورد بەردەوام لەگەڵ سەربەخۆییدایە، بەپشتیوانیی خودا ئەو ئاواتەمان هەر دێتەدی و دەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

*** لە کوردستاندا بێجگە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چەندین ئایینی دیکەش هەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا، لە کوردستاندا لێبوردەیی و پێکەوەژیان بە ئاستێکە لە جیهانی ئیسلامیدا نموونەی نییە. ئایا ئەو کەلتوورە ڕەسەنەی موسڵمانیەتیی کورد لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بە دڵنیاییەوە کەلتوری ڕەسەنی کورد لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەیامی ئاشتی و لێبوردەیی هەڵگرتووە و گەلی کورد بە تێگەیشتنەوە ئیسلامی قبووڵ کردووە، هەر بۆیە لە چەندین دەیەی ڕابردوو هەر چەندە کورد چەوسێندرابێتەوە بە ناوی دروشمە ئایینییەکانەوە، بەڵام کورد بۆ یەك چرکەش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاشگەز نەبووەتەوە و خودی ئیسلامیش لای کورد ئەو ئیسلامە پاك و بێ خەوشەیە کە لەسەر دەستی زانا ناودارەکانی وەکو(ئیبن سەلاحی شارەزووری، ئیبن مستەوفی، حافزی عێراقی، مەولانا خالید نەقشبەندی، قازی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، شێخانی بارزان، حاجی کاك ئەحمەدی شێخ) و سەدان زانای ئەم میللەتە بانگەشەی بۆ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

*** زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان هەموو کات لەسەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕەکانی کوردستان هەوێنی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەژیان بوون، ئایا لەم قۆناخەدا کە زۆر پێوستمان بە تەبایی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە، ئەرکی شەرعی زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لەسەر مینبەرەکان دەبێت چی بێت و چۆن پارێزگاری لەو مێژووەوە دەکەن کە زانایانی ئیسلامیی پێش ئێوە لە کوردستان دروستیان کردووە؟**

- ئەرکی زانایانی کوردە کە درێژەپێدەری ڕێبازی گەورە زانا و شێخە موبارەکەکانمان بن کە ئەوان مینبەریان تەرخان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە پیرۆزەکان، هەر لە مینبەرەوە تۆوی برایەتییان چاند و هەموو ڕق و کینەکانیان لەدڵی هاووڵاتیاندا دەرهێنا، هەروەها لەپەیامی مینبەرەوە ئاشتییان کردە شەماڵ و ئاوی سازگاری دڵ و دەروونی هاووڵاتیان، هەر بۆیە هەر پەیامێکی توندوتیژ لە مینبەرەوە خیانەتە لە ئیسلام و لە پەیامی زانایانی پێشین.

*** سالآنێکە بە هۆکاری سیاسی بێت، یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی موسڵمانیەتی کورد هاتووەتە کوردستانەوە کە ئەویش دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامیی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

- دەبێت زانایانی بەڕێزی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ قورئان و فەرموودەکان ڕێ لە بیری توندڕەوی بگرن، چونکە تووڕەبوون و توندڕەوی جگە لەماڵوێرانی هیچی دیکەی تێدا نییە، بێگومان هەر ئایین و بیروبۆچوونێك کە گەشە دەکات، لە سایەی نەرمونیانی و یەکتر قبوڵکردنە و ئەو گەل و دەسەڵات و بیرانەی کە توندڕەو بوون، لەناوچوون و کەس خۆزگەی پێ نەخواستوون، هەر بۆیە تا پەیامی مینبەرەکان تەژی بن لە ئاستی برایەتی و لێبوردەیی و یەکترقبووڵکردن هێشتا هەر کەمە، لە ڕابردووشدا مینبەرەکانی کوردستان بڵندگۆی زیندووی بانگەوازی پەیامی پیرۆزی (ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن) بووە.

**مادام ئیرادەی گەلی کورد بەردەوام لەگەڵ سەربەخۆییدایە، بەپشتیوانیی خودا ئەو ئاواتەمان هەر دێتەدی و دەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ**

**کورد بڕوای بە ئایینی هاوردەکراو نەبووە، بەڵکو تەنیا بڕوای بەو ئایینە بووە کە حەزرەتی محەمەد ئەلموستەفا (د.خ) هێنای بۆ مرۆڤایەتی و لە سایەیدا حەسایەوە**

**دەبێت زانایانی بەڕێزی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ قورئان و فەرموودەکان ڕێ لەبیری توندڕەوی بگرن**

فەرهاد کاکەیی:

# کوردستان ژینگەیەکی پێکەوەژیانە و مافی هەموو پێکهاتەکانیش پارێزراوە

**یەکێك لە سیما جوانەکانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، پێکەوەژیان و لێبوردەییە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکان، ئەم سیمایە بە شێوەیەك پتەو و جێگیر بووە کە بە درێژایی مێژووی ژیان لەسەر ئەم خاکەی هەرێم بەردەوامی هەیە، کاکەییەکان کە پێکهاتەیەکی ئایینی و نەتەوەیی کوردی دیاری کوردستانن، لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خاوەن ئەرك و مافی خۆیانن، بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنە سەر رەوشی گوزەران و مافیان و ئەزموونی پێکەوەژیانی کوردستان، گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ کەسایەتیی کاکەییەکان (فەهاد کاکەیی) سازکردو بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



*** کاکەییەکان ژمارەیان چەند دەبێت و، چڕبوونەوەی نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە کوێیە؟**

- سەبارەت بە ژمارەی کاکەییەکان بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە یەکێتیی ئەورووپا، یان نەتەوە یەکگرتووەکان کردوویانە، کاکەییەکان نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس دەبن لە کوردستان و عێراق، زیاتریش لەو شوێنانە نیشتەجێن کە ماددەی (١٤٠)ی پێ دەڵێن، واتە زیاتر نیشتەجێبوونیان لە دەشتی نەینەوایە، لە ناوچەی حەمدانییە و خازر، لە نزیکەی (٩) گوندی ئەو شوێنە نیشتەجێن، بێ لە سەنتەری شاری مووسڵ، هەروەها لە سەنتەری شاری هەولێر، لە کەرکووکیش لە ناوچەی داقوق و سەنتەری شار، هەروەها لە شاری خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری و لە سەنتەری شاری کەلار، جگە لە هەڵەبجە، بەڵام ئەوانی هەڵەبجە ئێستا زیاتر لە سلێمانی نیشتەجێن، بەم شێوەیە لە هەموو شارەکان هەن تەنیا لە دهۆك نەبێت، ڕەنگە چەند خێزانێك هەبن، ئەوانی دیکە لە هەموو شارەکانی کوردستان هەن بە کەرکووك و مووسڵیشەوە.

*** کاکەییەکان چۆن دەڕواننە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئەو یاسایانەی تایبەتن بەمافی پێکهاتەکان؟**

- کاکەییەکان وەکو ماف، مافیان پارێزراوە لە هەرێمی کوردستان، مافە سەرەتاییەکانی وەك مافی ژیان وەك هەر هاووڵاتییەکی کورد پارێزراون، جگە لەوەش یاسای ژمارە(٥) مافێکی زیاتری پێدان، وەك پێکهاتەیەك لە پێکهاتەیەکی ئایینی لە کوردستان، کە ئەمە زیاتر مافەکەیانی بەرجەستە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و لە پەرلەمانیش ڕەنگ بداتەوە، بۆ ئەوەی (کۆتا)یان بۆ هەبێت، بەڵام ئەوە هێشتا نەکراوە، نەك هەر تەنیا بۆ کاکەییەکان، بەڵکو بۆ ئەوانی دیکەی وەك ئێزیدییەکان و زەردەشتییەکانیش هەر نەکراوە، هیواداریین لە ئایندەدا ئەو یاسایە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت ڕەنگ بداتەوە.

*** هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان چۆن دەبینیت؟**

- نەك هەر تەنیا کاکەییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە وڵاتی ڕەسەنی خۆیانە، وڵاتی باب و باپیرانیانە و کۆنترین ئایینی کوردییە لەم ناوچەیە، بێ لەوە پێکهاتەکانی دیکە کە بە ڕەسەن خەڵکی کوردستانن، بۆ نموونە سابیئەکان، یان بەهائییەکان، ئەوانیش شێوەی کاکەییەکان مافیان لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە، واتا کوردستان ژینگەیەکی پێکەوەژیانی هەیە لە کۆنەوە و ئێستاش حکومەت بەو شێوەیە هەنگاو دەنێت کە هەموویان بە سەلامەتی بژین و بتوانن هەموو مافە ئایینی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان بە سەربەرزی و

بێ کێشە لە کوردستان ئەنجام بدەن، بەتایبەتی کە دەبینین سابیئەکان لەسەر ڕووبارەکانی کوردستان بێ هیچ کێشەیەك ئایینی خۆیان پراکتیك دەکەن، ئەمەش کاریگەریی حکومەت و کۆمەڵگەیە لەسەر ئەم پێکەوەژیانە.

*** تێڕوانینی کاکەییەکان بۆ مافی سەربەخۆیی کوردستان و ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- کاکەیی ئایینێکی کوردییە و بە کوردی نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوە لە تێکستەکانی کاکەییەکاندا هاتووە، بۆ نموونە شێخ ئەمیر دەڵێت: « ئەسڵمان چە کورد ئەسڵمان چە کورد باب و باپیرانم ئەسڵمان چە کورد»، ئەمە وا دەگەیەنێت کە ئایینێکی کوردییە و زۆر وەکو تێکستە ئایینییەکانی تێڕوانینی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەوەیە زیاتر بێت لە پێکهاتەکانی دیکە، چونکە بە نەتەوەو بە ئایین و بە بیروباوەڕ، سەربەخۆبوون لەلای کاکەییەکان چێژێکی دیکەی هەیە کە زیاترە لەو چێژەی کە لەلای ئایین و نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت.

*** ئەزموونی پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چ پێگەیەکدایە و چۆن ئەم ئەزموونە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق تەعمیم بکەین؟**

- ئەزموونی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، دەتوانم بڵێم نموونەیە بەراورد بە چواردەوری، بۆ نموونە ئێستا دەبینین لە لوبنان کە کوردێکی زۆر لەوێ دەژین، هیچ مافێکیان نییە کە لە یاساو ڕێساکانی ئەو وڵاتە باس کرابێت و وەك پێکهاتەیەکی ئەو وڵاتە لە قەڵەم درابێت، بەڵام ئەگەر سەیری کوردستان بکەیت، زۆر کەس هەیە کە بە ڕەسەن خەڵکی ئەم وڵاتەش نەبووە، بەڵام مافی هەیە، لەبەر ئەوە پێکەوەژیانێکی باش لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ناتوانین بڵێین سەداسەد باشە، بەڵام بەراورد بە چواردەورەکەی نایابە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری سووریا، تورکیا، لوبنان، عێراق، و کوێت بکەیت، سەیری ئەوانەی چواردەوری بکەیت، کوردستان نموونەیەکی زۆر جوانی پێکەوەژیانی تێدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری کۆنی کوردەواری و سۆفیگەرێتی و عیرفانییەت کە لەناو کورددا هەبووە، کە هەموو نەتەوەیەك و ئایینێکی قبووڵ کردووە، ئەمە وڵاتی غەریبانە، کە ئەوەی غەریب بێت، دەتوانێت بە سەربەرزی تێدا بژیێت.

*** کاکەییەکان دەیانەوێت دەستووری چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردستان چۆن بێت؟**

- سەبارەت بە دەستوور، نەك کاکەییەکان چییان دەوێت و چاوەڕوانی چین لە دەستووری هەرێمدا، دەبێت هەرێم خۆی مافی کاکەییەکان زۆر بە ڕوونی و بە زەقێتی لە دەستووردا بنووسێت، لەبەر ئەوەی کاکەییەکان سامانێکی کۆنی ئەم وڵاتەن، بۆ نموونە، لە ڕووی ئەدەب و تێکست و شیعرەوە زۆر زۆر لەپێشن، ئەمە سامانێکە بۆ کوردستان، بێ ئەوە لە ڕووی هونەرەوە کە کەمبوور و ئاوازی کوردی و ئەمانە، کە دەبێتە ناسنامەیەك بۆ گەلی کورد، لەبەر ئەوە دەبێ کاکەییەکان یەکێك بن لە پێکهاتە هەرە ڕەسەنەکانی ئەم وڵاتە، دەبێ لە دەستوور زۆر بە ڕوونی باس کرابێت کە کاکەییەکانی یارسانی ئایینێکی ڕەسەنی کۆنی کوردەوارین و یەکێکن لە پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەم وڵاتە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە کوردستان مافێکی جددی بە پێکهاتەکان بدات، بە تایبەتیش بە کاکەییەکان، ئەگەرنا، دەستووری کوردستان جێی پرسیار و گومان دەبێت، ئەگەر هاتوو ئەو خاڵانەی تێدا نەبێت.

*** کاکەییەکان کە قوربانییەکی زۆریان داوە لەدوای هاتنی داعشەوە و بەسەدان کەسیان شەهید بوون، چۆن دەڕواننە ئایندەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟**

- دەتوانم بڵێم کاکەییەکان بێ هیوا بوون لەو سنوورەی کە ماددەی(١٤٠)ی پێ دەڵێن، چونکە قوربانییەکی زۆریان داوە، لەوە ناچێت کە حکومەتی عێراق جددی بێت کە ئەم ماددەیە جێبەجێ بکات و ئەم ناوچانە بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان، بە پێچەوانەوە ئەو تەعریبەی کە کاتی خۆی لە سەردەمی دیکتاتۆرەکانی بەعس و پێشی بەعس دەکرا، ئێستا بە یاسابوون کاری لەسەر دەکرێت، بە تایبەتیش لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کە کاکەییەکان لەو سنوورە قوربانییەکانیان زۆر زیاتر بووە، بۆ نموونەیەکی بچووك لە ٢٠٠٣ وە تا ٢٠١٧ هەمووی بخەیتە سەر یەکدی ١٠، ١٢ تەقینەوە نەبووە لە سنووری کاکەییەکان، تەنیا لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە نزیکەی (٥٠) تەقینەوەی تێدا بووە، واتا ئەو سنوورە بووەتە شوێنێکی مەترسیدار و خەڵکێکی زۆر لە شوێنی باب و باپیرانیان ئاوارە بوون، بەتایبەتیش لە کەرکووك و خانەقین، ئەمە وادەکات ئەگەر ئەو شوێنە لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە کاکەییەکان لەو سنوورە نەمێنن و کوردستان ئەو ناوچەیە لە دەست بدات، تەنیا لە سنووری مووسڵ نەبێت، کە پێشمەرگە پارێزگاری لە ئەمنییەتی ئەو شوێنە دەکات کە بە هەمان شێوە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمن، بەڵام پێشمەرگە دەیانپارێزێت، کە زیاتر ئاوەدان بوونەتەوە و خەڵکەکە پێیان خۆشە و ڕوویان کردووەتە کشتوکاڵ و بۆ پێشخستنی گوندەکانیان کار دەکەن، بەڵام ناوچەکانی دیکە کە لەژێر دەستی حکومەتی عێراقە، بەداخەوە داعش و حەشدی شەعبی و بێ خەمیی حکومەتی عێراق و دووربوونی دەستی کورد، وایان لێ هاتووە خەریکە چۆڵ دەبن و لە دەستی کاکەییەکان و کوردستان دەردەچن.

**کاکەییەکان نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس دەبن لە کوردستان و عێراق، زیاتریش لەو شوێنانە نیشتەجێن کە ماددەی (١٤٠)ی پێ دەڵێن**

**سەربەخۆبوون لەلای کاکەییەکان چێژێکی دیکەی هەیە کە زیاترە لەو چێژەی کە لەلای ئایین و نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت**

**کاکەییەکان بێ هیوا بوون لەو سنوورەی کە ماددەی(١٤٠)ی پێ دەڵێن، چونکە قوربانییەکی زۆریان داوە**

**ئەو تەعریبەی کە کاتی خۆی لە سەردەمی دیکتاتۆرەکانی بەعس و پێشی بەعس دەکرا، ئێستا بە یاسابوون کاری لەسەر دەکرێت**

**کوردستان نموونەیەکی زۆر جوانی پێکەوەژیانی تێدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری کۆنی کوردەواری و سۆفیگەرێتی و عیرفانییەت کە لەناو کورددا هەبووە**

دیمانەی تایبەت



جۆن مولەر

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت، بۆ گوڵان:

# دەبێت عێراقییەکان خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن و مانەوەی ئەمریکا تەنیا بارودۆخەکە خراپتر دەکات

جۆن مولەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت و، توێژەرە لە سەنتەری مێرشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەمان زانکۆ، شارەزای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەیە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە سیاسەت و ئەدای ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن و، چەند پەرەسەندن و پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک بایدن دەڕوانیت و ئایا هیچ ڕەهەندێکی ئەرێنی هەیە کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت؟**

- من ئەدای ئیدارەی سەرۆك بایدن بە باشتر دەزانم، کە لەم رووەوە دەتوانم ئاماژە بە بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان بکەم، کە ئیدارەی ترەمپ نەیتوانی ئەم کارە بکات و ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات، هەروەها هەنگاوێکی دیکەی ئەرێنیی ئەم ئیدارەیە، هەوڵەکانیەتی بۆ گەڕانەوە بۆ رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا.

*** بەڵام ئایا بڕیارەکەی سەرۆك بایدن بۆ کشانەوە لە ئەفغانستان، نەبووەتە هۆی ئەوەی کە دۆخی ئەمنیی ئەو وڵاتە بە رەوتێکی خێرا بەرەو ئاڵۆزی و داڕووخان بچێت؟**

- بەڵێ، پێدەچێت ئەمە راست بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من باوەڕم وا نییە کە پێویست بەوە بکات، هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بمێننەوە و پێویستە خاکی ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتەکانی ئەم ئیدارەیە دەڕوانیت لە ئاست عێراقدا؟**

- من پێم وایە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست عێراق ئەوەیە کە لەم وڵاتە بکشێتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بە چەشنی وڵاتی ئەفغانستانیش کە دەبێت خۆیان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکەن، دواتر دەبێت ئێمە بزانین کە هەردوو ئەم شەڕە (شەڕی ئەفغانستان و شەڕی عێراق) بڕیارێکی گەمژانە بوون لە بنەڕەتدا، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەمریکا دوچاری شکست بووەوە و، سوپای ئەمریکا نەیتوانی ئەو کارە بکات کە لێی چاوەڕوان دەکرا، ئەوەتا ئێستاش رایدەگەیەنن کە ئەوان نازانن چۆن سەقامگیری لە مەودای دووردا بەدی بهێنن، واتە دەبێت ئێمە ئەوەمان لە یاد بێت، کە شکستی ئەمریکا لەم دوو وڵاتەدا بووە هۆی ئەوەی بارودۆخێکی خراپتر دروست ببێت، بەراورد بە رابردوی ئەم دوو وڵاتە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من باوەڕم وایە دەبێت ئەمریکا بکشێتەوە و ئەو وڵاتانە جێبهێڵێت.

*** واتە ئێوە پێتان وایە باشترە ئەمریکا لە تەواوی ناوچەکە بکشێتەوە؟**

- من ئەمە بە بیرۆکەیەکی باش دەزانم، چونکە کاتێك میراتەکەت ٢٠ ساڵ شکست بێت و، ژمارەی کوژراوەکان لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا ١٠٠ هێندە زیاتر بێت، ئەوا ئەمە هیچ ناگەیەنێت جگە لە شکستێکی گەورە نەبێت.

*** ئایا پێت وایە ئەم ناوچەیە چیتر بە چەشنی رابردوو بۆ ئەمریکا گرنگ نەبێت؟**

- من پێم وانییە پێشتریش بەو ئەندازەیە گرنگ بووبێت بە چاوپۆشین لەوەی کێ کۆنترۆڵی نەوتی ئەم ناوچەیە دەکات، چونکە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ناچارن ئەم نەوتە بفرۆشن و، لە ئێستاشدا گرنگیی ئەم ناوچەیە کەمتر بووەتەوە، دواتر من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە چەندین کێشە هەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئەمریکا سەلماندی کە ناتوانێت هیچ یەکێك لەو کێشانە چارەسەر بکات، ئەمریکا تەنیا لە خراپترکردنی بارودۆخەکەدا بەهرەدارە.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باستان لەوە کرد کە ئیدارەی ئەمریکا کارێکی باش دەکات، کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئایا پێت وایە ئەم دەرئەنجامە بەدی دێت؟**

- من نازانم، بەڵام هیوادارام بگەنە رێککەوتن، دواتر ئەو رێککەوتنەی پێشوو کە کرابوو، کارێکی باش بوو، هەروەها ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێنراون، دەرئەنجامێکی زۆر زیانبەخشیان لێ دەکەوێتەوە و پێویستە کۆتاییان پێ بهێنرێت، چونکە سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بیرۆکەیەکی تا بڵێیت خراپە و، تۆماری ئەم سزایانەش پێمان دەڵێن کە نەك نابنە هۆی گۆڕینی سیاسەتی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکە، بەڵکو کێشەیەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە، بە تایبەتی بۆ خەڵکی ئاساییی وڵاتەکە و بۆ وڵاتانی دیکەش دروست دەکات، هەرچۆنێك بێت من پێم وایە گەیشتن بە رێککەوتنێك لەم بارەیەوە هۆکارێك دەبێت بۆ باشترکردنی دۆخی ناوچەکە.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئەدای ئیدارەی بایدن دەڕوانیت لە پەیوەندی بە گەڕانەوە بۆ رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و، کارکردن لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- من باوەڕم وایە ئیدارەی بایدن لەم رووەوە هەنگاو بە ئاراستەی راستدا هەڵدەگرێت، هەرچەندە کارکردن لەگەڵ لایەن و هاوبەشەکاندا بە مانای ئەوە نایەت کە تۆ هەمیشە هاوڕایت لەگەڵیاندا، بەڵام هەمیشە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمان و دۆستەکاندا کارێکی باش و خوازراو بووە.

*** پێت وایە پێویستە ئەولەویەتی ئەم ئیدارەیە چی بێت؟**

- بە تێڕوانینی من پێویست ناکات ئەم ئیدارەیە لە یەك کاتدا خۆی سەرقاڵ بکات بە چەندین پرس و کێشەوە، هەرچەندە لە هەندێ رووەوە بەرەوپێشچوون بەدی دەکەین، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ جۆرج بوشی کوڕ باسی لەوە کرد کە دەیەوێت ئەمریکا سیاسەتێکی دەرەکی لەخۆبردووانەی هەبێت، بەڵام دواتر رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بارودۆخەکەیان گۆڕی، کەواتە گرنگە ئەمریکا سیاسەتێکی لەخۆبردووانەی هەبێت، یان سیاسەتێکی لوتبەرزانەی نەبێت، کە پێم وایە ئیدارەی بایدن بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** ئەی چۆن لە ئەدای ناوخۆیی ئیدارەی بایدن دەڕوانیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەدایەکی باشی هەبووە، هەرچەندە هێشتا زووە بۆ ئەوەی دڵنیا بین، چونکە هێشتا مەترسیی هەڵئاوسان هەیە و، هێشتا نیگەرانی لەبارەی کۆرۆناوە لە ئارادایە.

**شەڕی ئەفغانستان و شەڕی عێراق بڕیارێکی گەمژانە بوون لە بنەڕەتدا، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەمریکا دوچاری شکست بووەوە**

**لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئەمریکا سەلماندی کە ناتوانێت هیچ یەکێك لەو کێشانە چارەسەر بکات، ئەمریکا تەنیا لە خراپترکردنی بارودۆخەکەدا بەهرەدارە**

**ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێندراون، دەرئەنجامێکی زۆر زیانبەخشیان لێ دەکەوێتەوە و پێویستە کۆتاییان پێ بهێنرێت**

**هەمیشە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمان و دۆستەکاندا کارێکی باش و خوازراو بووە**

# دیمانەی تایبەت



**عەدنان محەمەد ئەل هەیاجنە پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەل هاشمییە-ئەردەن، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسیدا و، تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، بە هەمان شێوە بڕوانامەی دیپلۆمی هەیە لە بواری بنیاتنانی ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆییەکان لە بەشی دیراساتی ئاشتی و ململانێ لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

## عەدنان محەمەد ئەل هەیاجنە

پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەل هاشمییە - ئەردەن، بۆ گوڵان:

# دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ریزبەندی پێشەوەی دەوڵەتە لاواز و فاشیلەکانن

*** هەروەك ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین تەنگژە و قەیرانەوە گرفتارە، هەر لە ناسەقامگیریی سیاسی بۆ چەقبەستنی ئابووری و بێکاری و توندوتیژی، بە بۆچونی ئێوە کێشە بونیادییەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە چین و، ئایا ئێوە پێتان وایە دۆخەکە بەرەو داڕووخانی زیاتر دەڕوات، یان دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوە هەلومەرجەکە بە ئاقارێکی باشتردا ببردرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە ڕاستیدا دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ڕیزبەندی پێشەوەی دەوڵەتە لاواز و شکستخواردووەکانن، واتە زۆرێك لەم دەوڵەتانە ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکان لە ئاو و کارەبا و خۆراك بۆ هاووڵاتییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، دەکرێت وا وەسفیان بکەین کە هێشتا لە هەوڵی ئەوەدان ڕەوت و ڕێڕەوی گەشەکردنیان دەستنیشان بکەن، ئێمە ئەزموونی وڵاتانی جیهانمان لەبەرچاوە، بۆ نموونە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، چەند سیستمێکی سیاسییان دامەزراند، کە بەرجەستەکاری خواست و ویستەکانی خەڵك بوون. لە ڕاستیدا، بەدەر لە چەند دەوڵەتێکی عەرەبیی دەوڵەمەند بە نەوت، وەك قەتەر و ئیمارات و کوەیت، ئەوا باقی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە دەست کێشەی جددییەوە دەناڵێنن، ئەویش ئەوەیە کە هاووڵاتییەکانی ئەو وڵاتانە ناتوانن سەرچاوەی بژێوی و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانیان دەستەبەر بکەن. چارەسەرەکەش ڕوونە، بەڵام زەحمەتە، ئێمە پێویستمان بەو سیستمە سیاسییانە هەیە کە بەرجەستەکاری ویستی خەڵکن و بەرەنگاری گەندەڵی دەبنەوە، چونکە گەندەڵی بارگرانییە بەسەر پێداویستییەکانی خەڵکەوە، هەروەها ئەوەی جێی داخەوە ئەوەیە

**پێویستمان بەو سیستمە سیاسییانە هەیە کە بەرجەستەکاری ویستی خەڵکن و بەرەنگاری گەندەڵی دەبنەوە**

**چەندین هەڵبژاردن لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەکرێن، بەڵام ئەمانە هەڵبژاردنی ڕواڵەتین و دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە، کە ببێتە هۆی گۆڕینی جیهانی عەرەبی، کە ئێستا تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ئەفریقایش دواکەوتووترە**

**باسی عێراق و ئەفغانستان دەکەم، کە نموونەی شکستی ئەمریکایە لە دوای ٢٠ ساڵ شەڕ لەو وڵاتە و خەرجکردنی دوو ترلیۆن دۆلار و لەدەستدانی سێ هەزار سەرباز، هەمان شت بەسەر عێراقیشدا جێبەجێ دەبێت، کە بووەتە دەوڵەتێکی لەرزۆک**

**هەموو دەستێوەردانەکانی ئەمریکا دەرئەنجامی خراپیان هەبووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەگەر ژینگەی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە لەبار نەبوونایە، ئەم دەستێوەردانانە ڕوویان نەدەدا**

**بەهاری عەرەبی کاردانەوەیەکی سرووشتی بوو بۆ خراپیی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، واتە خەڵکی هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نەبوو، جگە لەوەی بێتەسەر شەقام و دەنگی خۆی بگەیەنێت**

کە چەندین هەڵبژاردن لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەکرێن، بەڵام ئەمانە هەڵبژاردنی ڕواڵەتین و دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە، کە ببێتە هۆی گۆڕینی جیهانی عەرەبی، کە ئێستا تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ئەفریقایش دواکەوتووترە.

*** بە بۆچوونی ئێوە ڕیشەی ئەم کێشانە هۆکارە ناوخۆییەکانن، یان دەستێوەردانە دەرەکییەکان؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دوو تێڕوانین هەیە، یەکێکیان پێی وایە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان و، ئەم تێڕوانینەش لە سەرەتای سەربەخۆبوونی ئەم دەوڵەتانەوە هاتەئاراوە، ئۆباڵەکەش دەخرایە ئەستۆی ئیستیعمار، دواتر بیرۆکەی دەستێوەردانە دەرەکییەکان هات، کە ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ دەوڵەتی شکستخواردوو. لێرەدا من بە دیاریکراوی باسی عێراق و ئەفغانستان دەکەم، کە نموونەی شکستی ئەمریکایە لە دوای ٢٠ ساڵ شەڕ لەو وڵاتە و خەرجکردنی دوو ترلیۆن دۆلار و لەدەستدانی سێ هەزار سەرباز، هەمان شت بەسەر عێراقیشدا جێبەجێ دەبێت، کە بووەتە دەوڵەتێکی لەرزۆک. کەواتە هەموو دەستێوەردانەکانی ئەمریکا دەرئەنجامی خراپیان هەبووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەگەر ژینگەی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە لەبار نەبوونایە، ئەم دەستێوەردانانە ڕوویان نەدەدا.

*** پرسێکی دیکەی پەیوەست بەم ناوچەیە ئەوەیە کە تەنانەت شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیش دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتەوە، بەدەر لە تونس، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەگەر باس لە بەهاری عەرەبی بێت، ئەوا بەهاری عەرەبی کاردانەوەیەکی سرووشتی بوو بۆ خراپیی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، واتە خەڵکی هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نەبوو، جگە لەوەی بێتەسەر شەقام و دەنگی خۆی بگەیەنێت، داواکارییەکانیشیان بریتی بوون لە ئازادی و ژیان بە سەربەرزی، ئەمانەش داواکاریی سادەن و لە مافە بنەڕەتییەکانی هەر مرۆڤێکن. هەروەها نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە لەلایەن زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە کودەتا بەسەر بەهاری عەرەبیدا کرا و، ویستیان تەشەنە نەکات. بۆ نموونە هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ڕێی زیادکردنی مووچە و هاوکاریی حکومەتەوە، ڕۆڵی گەورەیان لە ئیحتیواکردنی بەهاری عەرەبیدا هەبوو، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان دەرفەتی شۆڕشکردنیان نەبێت. بەڵام ئومێدەکە ئەوە بوو کە بەهاری عەرەبی ببێتە هۆی کرانەوەی سیاسی و لەخۆگرتنی خەڵك. هەرچۆنێك بێت ئێستاش هەندێ لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو هۆکارانەی لە بنەڕەتدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، هێشتا لە ئارادان. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پشتیوانیی دەرەکی بۆ بەهاری عەرەبی لە ئارادا نەبوو، بۆ نموونە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە دەستێوەردانی دەرەکی بکرێت بۆ پاراستنی خەڵکی سووریا، بەڵام ئەمە نەکرا، ئێمە ئەوەمان لە یادە کە ئۆباما ئاماژەی بە هێڵی سوور کرد لە ئاست سووریادا و دواتر پێوەی پابەند نەبوو، چونکە ئەو کاتە ئەمریکا سەرقاڵ بوو بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە لەگەڵ ئێراندا. واتە زۆر گرنگیی بە ناوچەکە نەدەدا.

*** ئایا ئەزموونی تونس لەم ناوچەیەدا بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو دادەنرێت، تا وڵاتانی دیکە دووبارەی بکەنەوە؟**

- بە کورتی دیموکراسی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتییە و بوار بە خەڵکی دەدات، بۆ ئەوەی بڕیاربەدەستەکانیان هەڵبژێرن و بیانگۆڕن، پێم وایە لە ڕواڵەتدا تونس سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەم ڕووەوە، بەڵام ئەم دەوڵەتە چەندین کێشەی ئابووری هەیە، و چەندین پرسیار هەن لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی تونس و تێڕوانینەکانی، کە یەك ناگرنەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی خەڵکدا، لەبەر ئەوە هێشتا زووە حوکم لەسەر ئەم ئەزموونە بدەین. چونکە ئەگەر ئێمە دیموکراسیی ئەمریکا لەبەرچاو بگرین، ئەوا ڕۆژگارێکی دووردرێژی خایاند تا گەیشتە ئێستا، قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و مومارەسەکردنی ڕەشپێستەکان بۆ مافەکانیان، بەڵام بە لای کەمەوە

ئەوان ئاسۆیەکیان لە بەردەمدا بوو. کەچی هاووڵاتییانی جیهانی عەرەبی ئەم ئاسۆیە بەدی ناکەن، چونکە ئەوان سەرقاڵن بە پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەیانەوە، دەوڵەتیش لە دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکدا، بەرپرسیارێتییەکانی خۆی ئەدا ناکات.

*** ئێوە باسی دەستێوەردانەکانی ئەمریکاتان کرد لەم ناوچەیەدا، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟**

- بۆچونێك هەیە کە ئەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکا، کە بە دەست دیموکراتەکانەوەیە، هەوڵی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەدات لەم ناوچەیە، هەروەك کاتی خۆی باراك ئۆباماش بانگەشەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی کرد و، وتارێکی لە قاهیرە پێشکەش کرد و، سەردانی پەرلەمانی تورکیای کرد، چاوەڕوانییەکانی هەڵکشان، کە ڕۆڵێکی باش و ئەرێنی دەگێڕێت لەم ناوچەیەدا، ئێستاش پێدەچێت بایدن وێنەیەکی دووبارە بووەوەی ئۆباما بێت، کە ڕایگەیاند ڕۆڵی ئەمریکا دەگەڕێنێتەوە و پشتیوانی لە دیموکراسی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا دیموکراسی لە خودی ئەمریکادا لە پاشەکشەدایە. من دەتوانم بڵێم کە ئەمریکا بایەخ بەم ناوچەیە نادات، بەڵکو هەموو تەرکیزی ئەوەیە کە بگاتە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران، هەروەها دەیەوێت هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چین چڕ بکاتەوە. بە داخەوە ئەمریکا پشت بە تیۆری ئیدارەدانی ناکۆکی و ململانێکان دەبەستێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەویش بریتییە لە درێژەپێدانی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لە ئارادایە.

*** باس لەوە دەکرێت کە گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم بووەتەوە بۆ ئەمریکا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمریکا توانیویەتی هێندە نەوت بەرهەم بهێنێت، کە پێویستی بە هاوردەکردنی نەبێت، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە ڕاستیدا گرنگیی ئەم ناوچەیە تەنیا لە نەوتدا کورت نابێتەوە، چونکە بەم نزیکانە ئەمریکا دەبێتە ململانێکاری ئۆپیك، دواتر ئەمریکا نایەوێت ئەم ناوچەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چینەوە، چونکە هەر پەرەسەندنێك خزمەت بە چین بکات، ئەوا کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێت، بۆ نموونە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی چین و ئێران، ئەمریکای نیگەران کردووە.

*** بەڵام ئایا بایەخنەدانی ئەمریکا بەم ناوچەیە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە بۆشاییەك دروست ببێت، بۆ ئەوەی هێزە گەورەکانی دیکە برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن؟**

- لە ڕاستیدا زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان ناتوانن بە بێ ئەمریکا بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بووەتە دەستەبەرکاری مانەوەیان، هەر لەبەر ئەوەشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەمریکا ڕازی بکەن و بارگرژی دروست بکەن، بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبهێنن تاوەکو لەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە دەوڵەتەکان بە تایبەتی دەوڵەتانی کەنداو، پشت بە پارێزگاریی ئەمنیی ئەمریکا دەبەستن، کە وڵاتێکی وەك چین ناتوانێت دەستەبەری بکات. ئەوەی پەیوەندی بەم ناوچەیە هەبێت، ئەوا پێم وایە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە دەرەوەی گەمە سیاسی و ئیقلیمیەکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەن و، ئێستا دەوڵەتی دیکەی دەستڕۆیشتووی هەرێمایەتی هەن، کە بەهۆی هێزی نەرم و میلیشیا و پەیوەندییە ستراتیژییەکانیانەوە، برەو بە کاریگەریی خۆیان دەدەن، کە ئەوانیش تورکیا و ئێرانن و، ئێستا دەوڵەتانی عەرەبی تا ڕاددەیەکی زۆر لەبەریەك هەڵوەشاون.

*** باشە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت سیاسەتێك بگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، کە ببێتەهۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی و هاوکاری بێت بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی ئەم ناوچەیە، ئەوا پێویستە ڕەهەندەکانی ئەم سیاسەتە چۆن بن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی نییە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو ئەوەی هەیە پەیوەندیی ئەمریکا و عێراقە، پەیوەندیی ئەمریکا و ئەردەنە، پەیوەندیی ئەمریکا و قەتەرە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ سیستمە دەسەڵاتدارەکانی ئەم ناوچەیەدایە، نەك گەلانی ناوچەکە،

■

**لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە کودەتا بەسەر بەهاری عەرەبیدا کرا و، ویستیان تەشەنە نەکات**

■

**هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ڕێی زیادکردنی مووچە و هاوکاریی حکومەتەوە، ڕۆڵی گەورەیان لە ئیحتیواکردنی بەهاری عەرەبیدا هەبوو**

■

**هەندێ لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو هۆکارانەی لە بنەڕەتدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، هێشتا لە ئارادان**

■

**ئۆباما ئاماژەی بە هێڵی سوور کرد لە ئاست سووریادا و دواتر پێوەی پابەند نەبوو، چونکە ئەو کاتە ئەمریکا سەرقاڵ بوو بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە لەگەڵ ئێراندا**

**ئەمریکا نایەوێت ئەم ناوچەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چینەوە، چونکە هەر پەرەسەندنێک خزمەت بە چین بکات، ئەوا کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێت**

**زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان ناتوانن بە بێ ئەمریکا بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بووەتە دەستەبەرکاری مانەوەیان**

**ئێستا دەوڵەتی دیکەی دەستڕۆیشتووی هەرێمایەتی هەن، کە بەهۆی هێزی نەرم و میلیشیا و پەیوەندییە ستراتیژییەکانیانەوە، برەو بە کاریگەریی خۆیان دەدەن، کە ئەوانیش تورکیا و ئێرانن**

**ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ناوچەیە کێشەی ئاڵۆزی هەیە و، کێشەکانی کۆتاییان نایەت و، بە ئەمریکاش چارەسەر ناکرێن**

لەگەڵ ئەوەشدا گەلانی ئەم ناوچەیەش وەك هەر گەلێکی دیکە چاوی لەوەیە، ژیانێکی سەربەرزانە بەرێتەسەر و هیچ هەڵوێستێکی دژ بە ئەمریکای نییە، ئەو دروشمانەی لە دژی ئەمریکاش دەوترێنەوە، ئەوا دەسەڵاتدارەکانن کە دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان بهێنن، بەڵام پێویستە ئەمریکا بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ گەلانی ئەم ناوچەیە بکات و متمانەیان پێ بکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئێستا هەندێ لە دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی وەك ئێران و تورکیا، سوودیان لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە وەرگرتووە، دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێرانی، ئەوا ئەمریکا باوەڕی بە تیۆری وەکیلی ئەمنی هەبوو، ئێرانیش لە سەردەمی شادا بە وەکیلی ئەمنی دادەنرا، کە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکرد لە ناوچەکەدا، دوای شەڕی ئێران و عێراق هەوڵدرا عێراق ئەم ڕۆڵە ببینێت، بەڵام هەموومان دەزانین دواتر چی ڕوویدا لە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق و، دواتر داگیرکردنی عێراق و چوونەدەرەوەی عێراق و سووریا لە گەمە ئیقلیمییەکە. هەروەها ئیدارەی بایدن هەمان تیڕوانینی ئیدارەی ئۆبامای لە ئاست ئەم ناوچەیەدا هەیە، کە پێی وابوو پێویستە خودی ئێران و سعودیە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ناوچەیە کێشەی ئاڵۆزی هەیە و، کێشەکانی کۆتاییان نایەت و، بە ئەمریکاش چارەسەر ناکرێن.

*** ئێوە پێشتر ئاماژەتان بە هەوڵەکانی ئیدارەی سەرۆك بایدن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا و، لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە کرد، کە دەبینین ئەم ئیدارەیە بە چەشنی ئیدارەی ترەمپ پەنا ناباتەبەر سزای ئابووریی سەخت، بەڵکو هەندێ فشاری نەرم بەکار دەهێنێت، پێت وایە تا چ ڕادەیەك ئەم سیاسەتە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

- ڕاستە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پەنای بردەبەر سەپاندنی سزای ئابووری، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایك پۆمپیۆ ناوی نا «هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار» و، ئامانجی ئەمریکاش بریتی بوو لە دروستکردنی گوشار لەسەر ئێران، لە ڕێی فشارکردن لەسەر گەلی ئێران، کە ئەوە بوو بەهای دراوی ئێرانی بە ڕادەیەکی گەورە دابەزی و ڕێژەی بێکاری بەرز بووەوە، هەموو ئەوانەش بە ئامانجی ئەوەی ڕەفتاری دەسەڵاتدارای ئێران بگۆڕێت، ئەمریکا کێشەی لەگەڵ گەلی ئێران نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە هەیە، ئەگەرنا پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بیرۆکەی ئەمریکا بوو، هەر ئەوانیش بنیاتیان نا، هەر وڵاتێکیش چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە بە شکست بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لێك دەدرێتەوە. ئێستاش گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران ئامانجێکی دووردەستە، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سزاکانی لەسەر هەڵدەگیرێت، ئەو کاتە بارودۆخی ئابووریی ئەو وڵاتە بەرەو باشتر دەچێت.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی وڵاتی ئەردەنەوە کە دەوڵەتێکی گرنگە و تا ڕادەیەك سەقامگیرە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئیدارەی ئەمریکا بایەخ بە بەهێزکردنی ڕۆڵی ئەردەن دەدات، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە برەودان بە سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟**

- پێم وایە لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، ئەردەن و ڕۆڵە ئیقلیمیەکەی دووچاری پەراوێزخستن بوونەوە، ئەویش بە هۆی سیاسەتی ترەمپ و سەرکێشییەکانی کۆشنەر و سەفقەی سەدەوە بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی چەندین دەوڵەتی کەنداو هاتنەسەر خەت و ویستیان ڕۆڵی ئەردەن ببینن، ئەوە بوو ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل لەگەڵ هەر یەکە لە ئیمارات و بەحرەیندا ڕوویدا و، هەوڵدرا کێشەی فەلەستین کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و




تەنانەت لە سەردەمی ترەمپیشدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئەردەن لەسەر بنەمای هاوکاریی ئابووری و سەربازی و هەواڵگری بەردەوام بوو، پاشای ئەردەنیش سێ جار لەگەڵ سەرۆك ترەمپ کۆبووەوە. ئێستاش پەیوەندییەکانی ئەردەن لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل لە پەیوەندی بە دۆسیەی سیاسی و ئاوەوە باشتر بووە، کە ئەردەن کێشەیەکی گەورەی ئاوی هەیە و، ئەگەر ئەو قەناعەتەش دروست ببێت کە ئەردەن گەمەکارێکی گرنگە و پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و وڵاتانی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل نابێتە بەدیل بۆ ئەردەن، ئەوا دەتوانین هەنگاو بنێین بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە و نەخشەی پەیوەندییەکانی ئەردەن بە وڵاتانی کەنداو و بە جیهانی عەرەبییەوە.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەردەن دەڕوانیت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتی عێراق و ئەردەن پەیوەندییەکی پتەون، کە لەم ساڵانەی دواییدا عێراق بە بڕبڕەی پشتی ئابووری بۆ ئەردەن هەژمار دەکرا، ئەویش بە هۆی هەناردەکانی ئەردەنەوە بۆ عێراق، بەڵام دواتر بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئاستی ئەم پەیوەندییانەش کەم بوونەوە، دواتر یاسای قەیسەر و سزاکان بەسەر سووریادا سەپێندران، کەواتە ئەردەن لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقە دراوە. ئێستاش جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان ئەردەن و عێراقدا دروست بووە، کە هەندێ کەس باوەڕیان وایە کە ئەمە جۆرێکە لە هاوپەیمانی هاوچەشنی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، یان جۆرێك لە ڕێکخراوێکی ئیقلیمیی نوێیە، کە پێشتر حاڵەتێکی لەم شێوەیە لە ئارادا بوو، بەڵام بەهۆی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە کۆتاییان پێ هات. هەروەها زۆربەی کارەکانی بەندەری عەقەبە پەیوەست بوون بە عێراقەوە، عێراق زۆری پێشکەش بە ئەردەن کردووە، ئیدی بە پێدانی نەوت بێت بە نرخێکی کەمتر، یان دروستکردنی پاڵاوگەی نەوت بێت، پرۆژەی بە ئەردەن پێشکەش کردووە. لەبەر ئەوەی ئەگەر عێراق پێگەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و، وەك وڵاتێکی کشتوکاڵی و نەوتی و پیشەسازی سەقامگیر ببێتەوە، ئەمە خزمەتێکی گەورە بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەردەن دەکات.

**ئەمریکا کێشەی لەگەڵ گەلی ئێران نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە هەیە، ئەگەرنا پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بیرۆکەی ئەمریکا بوو، هەر ئەوانیش بنیاتیان نا**

ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی مایکۆلاس ڕۆمێرز بۆ گوڵان:

# تەنیا بە دەستهەڵگرتن لە هەژموونخوازی دەتوانرێت سیستمێکی جیهانیی لیبراڵیی ڕاستەقینە دابمەزرێت

ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج پرۆفیسۆرە لە ئەنستیتیوتی زانستە سیاسییەکان، بەشی زانست و کارگێڕی لە زانکۆی مایکۆلاس ڕۆمێرز لە ڤیلینیۆس- لیتوانیا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرس و بابەتێکی گرنگ دەدات، وەك دیراساتی پەیوەست بە ناوچەی بەڵقان و یوگسلافیای پێشوو، پرسی ناسیۆنالیزم و جیۆپۆلەتیك، پرۆفیسۆر ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج لە چەند زانکۆی دیکەی ئەورووپا وانە دەڵێتەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای جیهان و، ئەگەرەکانی پەیوەندیدار بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی تایبەت بە سیستمی جیهانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانیت، بە دەربڕینێکی دیکە هەڵسەنگاندنتان چییە بۆ هەلومەرجی ئاسایشی جیهان لەم ساتەوەختەدا؟ ئایا ململانێکان و ڕکابەرییەکان بە تایبەتی لەنێوان هێزە جیهانییەکاندا، بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەڕۆن، یان ئەوەی ئێستا هەیە چەشنی ڕۆژگاری شەڕی ساردە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ئارادایە لە ڕووی جیهانگیری و لە پەیوەندی بە پرسی ئاسایش و سەقامگیرییەوە، هەلومەرجێکە کە توانایەکی گەورەتر بە دەوڵەتان و وڵاتان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن و هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە، لە بواری گەشەپێدانی ئابووریی هاووڵاتییەکانیاندا، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنە تیۆرییەکەیە، چونکە ئەگەر ئێمە لەلایەنە کردارییەکە بڕوانین، ئەوا دۆخەکە بە بەرژەوەندیی ئەمریکا شکاوەتەوە، چونکە ئابووری و بازرگانیی ئەمریکا پتر گەشەیان کردووە و هاووڵاتییانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئابووریی ئەو وڵاتە، داهات و دەرامەتێکی زۆرتر بەدەست دەهێنن، ئێوە باسی شەڕی ساردتان کرد، کە پێم وایە لەم سەردەمەدا پرسی ئاسایش تەنیا پێکهاتەیەکی سیاسی-سەربازیی هەبوو، بەڵام ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە لە ڕۆژگاری ئێستادا، ئەوەیە کە پرسی ئاسایش لایەنێکی نوێی وەرگرتووە، واتە سەرەڕای توخمە سەربازی و سیاسییەکەی، ئێستا ڕەهەندێکی ئابووریشی وەرگرتووە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە لایەنە ناسەربازییەکانی پرسی ئاسایش پێکهاتووە، یان پێك دێت لە هەموو بوارەکانی دیکە، وەك سەقامگیریی ئابووری تا دەگاتە

پرسەکانی پەیوەست بە پاکڕاگرتن و پاراستنی ژینگەوە، دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو کەس و لایەنانەی پشتیوانی لە هەژموونگەرایی و باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن، هەمیشە و هەردەم ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە هەر کاتێك و لە هەر سەروەخت و سەردەمێکدا دۆخێکی گونجاو و خۆشگوزەرانی لە ئارادا بووبێت (کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشدار و هۆکار بووبێت لە هێنانەئارایدا) ئەوا ئەگەر و دەرفەتەکانی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکییەکان کەمتر بوونەتەوە و، دەستکەوتەکانیش بە ڕادەیەکی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا لە دەستکەوتی دارایی و ئابووریدا بەرجەستە بوون. هەروەها ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە بەرژەوەندییەکان پێکدا دەچن و ئەم تێکەڵبوونی بەرژەوەندییانەش ئاکام و دەرهاویشتەیان لێدەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم پرسە ڕوون بکەینەوە، هەروەها بۆ ئەوەی سیاقێکی مێژوویی بدەین بەم پرسە، ئەوا من ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ناوچەی بەلقان لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا دەکەمە بناغە، کە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە مەقدۆنیای باکوور بکەین، کە کەیسێکە تێڕوانین و بایەخپێدان هەڵدەگرێت. سەرەتا وا هاتە بەرچاو کە کۆماری مەقدۆنیای باکووری یوگسلافیای پێشوو سوودمەند بوو لە بوون و ئامادەیی سەربازییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر خاکەکەی لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، کە خاکەکەشی، یان هەڵکەوتەکەی بە پانتاییەکی جیوستراتیژی دادەنرێت لە ناوچەی بەلقاندا، کە گرنگییەکی باڵا و پڕ بایەخی هەیە. ئەگەر ئێمە ڕاشکاو بین لەم ڕووەوە و ئەگەر لە کاریگەربوونی سەربازییانەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بڕوانین، ئەوا بووە هۆی ئەوەی ئاستی ئابووریی مەقدۆنیا تاوەکو ساڵی ٢٠٠١ بە ستانداردێکی بەرز بمێنێتەوە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، ئەگەرچی هێشتا وەك هەژارترین شەش کۆمارەکەی یوگسلافیای پێشوو مایەوە، کە ئەوە بوو کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی لەلایەن یۆنانەوە سەپێندرا لە ماوەی ساڵانەی ١٩٩١-١٩٩٣. لەم ڕوانگەیەوە مەقدۆنیای باکوور تاوەکو ساڵی ٢٠٠١، لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە چیرۆکێکی سەرکەوتوو هەژمار دەکرا و، ئاماژەی پێ دەکرا لە پەیوەندی بە بەرگرتن بە سەرهەڵدانی ناکۆکی و پاراستنی ئاشتی و، ئەم دەزگایانەی ڕاگەیاندنیش فەزڵەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ بوونی هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا / ناتۆ. هەرچۆنێك بێت، لە ساڵی ٢٠٠١ شەڕ و ناکۆکییەکی ئیتنی سەریهەڵدا و بەرپا بوو لە نێوان مەقدۆنییە سلاڤییەکان و ئەلبانییە لۆکاڵییەکاندا ( کە سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ پشتیوانیی لێ دەکردن)، کە ئەم دۆخەش پرسی ئەوەی ورووژاند، ئایا بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا / ناتۆ بوونێکی کارا و کاریگەرن لەو ناوچەیەدا؟ لەم ڕووەوە دەبێت ئێمە ئاماژە بە کێشەیەکی گەورە و بنەڕەتی بکەین، کە ئەویش بریتی بوو لە بەرفراوانبوونی ناتۆ، بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا، کە ئەمە پرسێك و چیرۆکێکی تایبەت بوو بۆ پلانە جیۆستراتیژییەکانی کەسێکی وەك زبیگنیف برژینسکی لە دژی دوژمنە هەمیشەییەکەی- ڕووسیا، ئەوەش ڕاستییەکە کە پێش دەسترێژیکاری ڕێکخراوی ناتۆ لە دژی وڵاتانی سربیا و مۆنتینیگرۆ لە ساڵی ١٩٩٩، ئەم ڕێکخراوە سەربازییە چەندین وڵاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەوروپای ناوەڕاستی قبووڵ کرد: وڵاتانی پۆڵەندا، هەنگاریا، و کۆماری چیك ( دووەم بەرفراوانبوونی ناتۆ لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕوویدا ). لەم ڕوانگەیەوە باڵی باشووری ڕێکخراوی ناتۆ لەنێوان هەردوو وڵاتی هەنگاریا و یۆناندا تەنیا خاکی یوگسلافیای پێشوو لێکی دادەبڕی، لە دەرئەنجامدا ئەم بارودۆخەش بووە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی و پێگەیەکی بەرچاوی ستراتیژی بەدەست بهێنێت، لە ڕێی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی بەلقانەوە، کە سربەکان زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و گرنگترین نەتەوەی پێك دەهێنا لە ڕوانگەی جیۆستراتیژییەوە. هەرچۆنێك

**پرسی ئاسایش لایەنێکی نوێی وەرگرتووە، واتە سەرەڕای توخمە سەربازی و سیاسییەکەی، ئێستا ڕەهەندێکی ئابووریشی وەرگرتووە**

**ئەگەر لە کاریگەربوونی سەربازییانەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بڕوانین، ئەوا بووە هۆی ئەوەی ئاستی ئابووریی مەقدۆنیا تاوەکو ساڵی ٢٠٠١ بە ستانداردێکی بەرز بمێنێتەوە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە**

بێت، وەك كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی بەرفراوانبوونی ڕێكخراوی ناتۆ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوا ئەوەی پێی دەگوترا: «پەردەی ئاسنین» پتر بەرفراوان كرا بەرەو ڕۆژهەڵات و بۆ نزیك لە سنوورەكانی ڕووسیا، لەگەڵ هەموو دەرئەنجامە چاوەڕوانكراو و دەرهاویشتە چاوەڕواننەكراوەكانی گرتنەبەری ئەم ئاراستەی ڕۆژهەڵاتە لە دژی ڕووسیا، ئەوەی پێی دەوترێت (Drang nach Osten). هەروەها، ئەو پەردە ئاسنینەی كە ڕۆژگارێك وڵاتی ئەڵمانیا لێك دادەبڕی و دابەش دەكرد، لە ساڵی ١٩٩٩ گەیشتە سنوورەكانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی پۆڵەندا و كۆماری چیك و هەنگاریا و، لە سنوورەكانی كۆمارەكانی یوگسلافیای پێشوو كۆتایی هات، كە ئێستا ئەم كۆمارانەش بوونەتە دەوڵەتی سەربەخۆ، كەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ كرد، ئەوا دەكرێت ئەوە بوترێت كە كرۆكیی مەسەلەكە ئەوەیە كە ئەو پرۆسەی بەرفراوانبوونی ڕێكخراوی ناتۆ بە ئاراستە و ئاقاری ڕۆژهەڵاتدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩دا بەربەست و ئاستەنگی بۆ دروست كرا لە ناوچەی بەلقاندا و لەلایەن سربەكانەوە كە تاكە نەتەوەی یوگسلافیای پێشوو بوو، كە بە توندی بەرهەڵستیی ئەندامێتی ناتۆی دەكرد. لە دەرئەنجامی هەموو ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانەشدا، ئەوا دەتوانین بڵێین كە ئەوە دەقاودەق واشنتۆن بوو كە دەبوو ڕۆڵی سەركردایەتیكردنی ناتۆ بگرێتەئەستۆ بەرەو بەرەی دژ بە ڕووسیا و، بەرەو سنوورەكانی ئەو وڵاتە، هەر ئەمەش هۆكاری سەرەكی و بنەڕەتی بوو، كە لە ساڵی ١٩٩٩ دەست كرا بە بۆردۆمانكردنی سربەكان، لەگەڵ داگیركردنی كۆسۆڤۆ لەلایەن هێزە سەربازییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا / ناتۆ لە ڕێی هێزێكەوە، كە پێی دەوترا هێزی كۆسۆڤۆ، كە پێكهاتبوو لە هێزەكانی ئەندامانی ناتۆ و وڵاتانی دیكەی بەدەر لە ناتۆ، ئەوەی پەیوەست بێت بەم پرسەوە، ئەوا لەو كاتەدا زبیگنیف برژینسكی- ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا - و مادلین ئۆلبرایت- وەزیری دەرەوەی ئەمریكا - لەسەر زاری سەرۆك بیل كلینتۆنەوە گوزارشتیان لەوە دەكرد كە: تەنیا ئەو كاتە سەقامگیری لە ناوچەی بەلقاندا (كە بە مانای كۆنترۆڵكردنی ناوچەكە دێت لەلایەن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە) بەدی دێت كە یەكێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەو كارە بۆ ئەم ناوچەیە بكەن كە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بۆ ئەورووپا كرا و، لە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە بۆ ئەورووپای ناوەڕاست كرا، كە پێم وایە ئەمە بریتی بوو لە داگیركاری و قۆستنەوەی ئابووری و دارایی لە چوارچێوەی ناتۆ و بەرفراوانبوونی یەكێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا.

*** باشە لە ڕوانگەی ئەم پەرەسەندنانەی ئاماژەتان پێ كرد و، لەسەر بنەمای ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە جیهاندا دەگوزەرێت، ئایا ئاراستە و ئاقاری پێشهات و پەرەسەندنەكانی بەرەو كوێ دەچن؟**

- بەرفروانخوازیی توندی ناتۆ لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە حاڵەتێكی زەق و بەرچاوە و، تەنانەت ئەمە پەرەسەندنێكی پێشبینیكراویش بوو، ئەگەر بێت و ئێمە دوائامانجی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەبەرچاو بگرین لە ئیرۆئاسیا كە كاتی خۆی لەلایەن برژنسكییەوە داڕێژدرا، لە دەرئەنجامدا، دەبینین یەكێتیی ئەورووپا بەردەوامە لەوەی وەك شەریكێكی سەرەكیی كۆلۆنیالی ئەمریكا مامەڵە بكات لە ئامادەكارییەكانی ناتۆ بۆ شەڕی دەستریژكاری لە دژی ڕووسیا (لە ئێستادا لە ڕێی بیلاڕووسیاوە)، هەروەها ڕەنگە لە دژی چینیش. بەڵام من پێم وایە دەبێت هەوڵ و كۆششێكی سەخت بگیرێتەبەر بۆ زاڵبوون بەسەر توندوتیژی، نادادی، و نەهامەتییەكاندا لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی جیهانی، بە بێ باڵادەستبوونی هەژموونخوازی لەلایەن هیچ سوپەر پاوەرێكەوە، تەنیا بەم ڕێگایە دەتوانرێت سیستمێكی جیهانیی لیبراڵیی ڕاستەقینە بێتە دامەزراندن.

**ئەوە دەقاودەق واشنتۆن بوو كە دەبوو ڕۆڵی سەركردایەتیكردنی ناتۆ بگرێتەئەستۆ بەرەو بەرەی دژ بە ڕووسیا و، بەرەو سنوورەكانی ئەو وڵاتە، هەر ئەمەش هۆكاری سەرەكی و بنەڕەتی بوو، كە لە ساڵی ١٩٩٩ دەست كرا بە بۆردۆمانكردنی سربەكان**

**دەبێت هەوڵ و كۆششێكی سەخت بگیرێتەبەر بۆ زاڵبوون بەسەر توندوتیژی، نادادی، و نەهامەتییەكاندا لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی جیهانی، بە بێ باڵادەستبوونی هەژموونخوازی لەلایەن هیچ سوپەر پاوەرێكەوە**

# ڕاگەیاندنی کوردی چ ناسنامەیەکی پێمان بەخشیوە؟

پسپۆڕانی بواری سۆسیۆلۆژیا، مرۆڤیان بە هەڵگری دوو جۆر ناسنامە داناوە، واتە ڕایان وایە کە مرۆڤ دوو جۆر ناسنامەی هەیە لە ڕووی جێگیری و ناجێگیری، یان لە ڕووی گۆڕاوی و ناگۆڕاوی، ئەوانیش «ناسنامەی بایۆلۆجی و ناسنامەی کەلتووری»یە. هەرچی ناسنامە بایۆلۆجییەکەیە بە ناسنامە جێگیر و نەگۆڕەکە وەسف کراوە، کە مرۆڤ دوای لەدایکبوونیدا دەیهێنێت لەگەڵ خۆی وەکو «ڕەگەز، ڕەنگی چاو، ڕەنگی قژ، ڕەنگی پێست و ..هتد»، ئەو شتانەی کە بە کاریگەری دەوروبەر و کەلتوور و پەروەردە ناگۆڕێن. هەرچی دوەمیانە ناسنامە ‹کەلتوورییەکەیە› کە بریتییە لە «زمان، ئایین، ڕەفتار، هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، نۆڕمی ژیان، خواردن، دابونەریت و...هتد»، ئەمانە ئەو شتانەن کە وەریدەگرێت لە دەوروبەر، یان ئەو سەرچاوانەی کە بۆی دروست دەکەن. سەرەتا کە منداڵێك لەدایك دەبێت، تەنیا دەپرسن: «کوڕە، یان کچە؟»، بۆ منداڵی نزیکەکانیشمان دەپرسین: «ڕەنگی چاوی چۆنە؟ ڕەنگی پێستی چۆنە؟ یان لە کێ دەچێت؟ جوانە و ...هتد، ئەمانە سنوورێکی کەمن کە ‹شوناسی› ئەو کەسە دیاری دەکەن. ئیتر لەدوای لەدایکبوون مەسەلەی پێدانی شوناسە کەلتوورییەکە دەست پێ دەکات. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی و موسڵمان دەبێت ئەو منداڵە باوك ودایکی دیار بێت، ئینجا پەسەندە و ناسنامەی بۆ دەکرێت. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاوایی، یا ناموسڵمان زۆر ئاساییە باوکی منداڵ دیار نەبێت، پەسەندیشی دەکەن و ناسنامەشی پێ دەدەن. بەڵام بەگشتی منداڵ کە لەدایك دەبێت، پێویستی بە باوانە تاکو پەسەند بکرێت و بناسرێتەوە و ناسنامەی پێ بدرێت، کە چووە دەرەوەی خێزانەکەی و ئەو دیوی دەرگای ماڵەکەی، خەڵك بیناسنەوە و بڵێن کوڕی فڵانە، یان کچی فڵانە.. کە بچینە سنوورێکی فراوانتر، واتە لە کۆمەڵگەکەی خۆت دەچیتە درەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیکە کە لە هەندێك ڕووەوە هەڵگری ناسنامەیەکی جیاوازترە لە تۆ، پێویستت بە شوناسی دیکەیە، بۆ نموونە کوردێك لە هەرێمی کوردستان دەچێتە خواروو، یان ناوەڕاستی عێراق یەکسەر «ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی» پێویست دەبێت بۆ ناسینەوەی، چونکە ڕووبەڕووی پرسیاری ئەوە دەبێتەوە «کوردە، یان عەرەبە، یان تورکە و...، زۆرجاریش ڕووبەڕووی پرسیاری ئەوەش دەبێتەوە کە «سوننەیە، یان شیعە»، کەواتە ناسنامەیەکی فراوانترمان ویست لێرەدا. با هەر ئەم کەسە کوردە سەفەری دەرەوەی وڵات بکات و، بچێتە وڵاتێکی دیکە، ڕەنگە یەکەم پرسیارێك کە دەبێت وەڵامی پێ بێت و لێی دەکرێت، کە تەنانەت زۆر جار لە فڕۆکەخانەکانیش دەپرسن: (WHER DO YOU FROEM)ئەوەیە کە لە کوێوە هاتوویت؟ کەواتە دەبێت ناسنامەیکی دیکەمان پی بێت، ئەویش ناسنامە «نیشتمانییەکەیە». ئەم ناسنامە کەواتە پێویستی هەموو مرۆڤێکە دەبێت بۆی دروست بکەن و پێی بێت، ئەگینا خۆی ناناسێت و نازانێت خۆی کێیە؟

پسپۆڕان لە کۆندا «خێزان و کۆمەڵگە، مزگەوت و کەنسیە و شوێنە ئایینییەکان و قوتابخانە»یان بە سەرچاوە سەرەکییەکانی دروستکردنی ئەم ناسنامە کەلتوورییە دیاری کردبوو، چونکە پێویستمانە خێزان فێری زمانێك و هەڵسوکەوتێك و دابونەریتێکمان بکات، کە کۆمەڵگە پەسەندی بکات و، کاتێك چووینە دەرەوە، بتوانین مامەڵە بکەین، شوێنی ئایینیمان پێویستە ناسنامەی ئایینیمان بداتێ، کە لە کۆمەڵگەکەدا هەیە. قوتابخانە کە فێری پەروەردەیەکی ئایینی، نیشتمانی و زانستیمان بکات، کە پێویستن بۆ کۆمەڵگەکە. ئەمە تا پێش سەرهەڵدانی «ڕاگەیاندن». لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم ئامرازی ڕاگەیاندن کە ‹ڕۆژنامە› بوو، پسپۆڕان سەرچاوەیەکی دیکەی دروستبوونی ناسنامەیان لە پاڵ خێزان و قوتابخانە و شوێنە ئایینییەکان بۆ مرۆڤ زیاد کرد، ئەویش ‹ئامرازەکانی ڕاگەیاندن› بوو. کە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر مرۆڤ دەرکەوت، پسپۆڕان نەك وەك سەرچاوەیەك، بەڵکو بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دایاننا. ئەمڕۆ زۆرینەی پسپۆڕان لەسەر ئەوە کۆکن ‹ڕاگەیاندن› نەك سەرچاوەیەکە بۆ دروستبوونی ناسنامەی کەلتووریی مرۆڤ، بەڵکو پێش و بەری لە سەرچاوەکانی دیکەی وەك خێزان و شوێنە ئایینییەکان و قوتابخانەش گرتووە. بۆچی؟ چونکە ڕاگەیاندن دەتوانێت ‹ئایین، زمان، بیرکردنەوە، دابونەریت، نۆڕمی ژیان، شێوازی خواردن، جلوبەرگ و...

**بۆچی هاووڵاتی دژی حکومەتە لەم هەرێمە؟ چونکە ڕاگەیاندنێک کاری کردووە ناسنامەی حکومەتی لای هاووڵاتی ناشیرین کردووە**

**مرۆڤ کاتێک جێگرو ئارامە، کە ناسنامەی جێگیر و ئارام بێت، ئەگەرنا خۆی ناناسێت و نازانێت کێیە، ئایینی چییە، نیشتمانی چییە، کەلتووری چییە، زمانی چییە، مێژووی چییە و سەرکردەی کێیە**



## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هتدمان بگۆڕێت. واتە دەتوانێت ناسنامە کەلتوورییەکەمان بگۆڕێت و هەر ڕۆژەو بە ئاراستەیەکماندا بەرێت.

کەواتە ئەم هێزەی ڕاگەیاندن، دەتوانرێت تەوزیف بکرێت بۆ هەر شتێك کە بتەوێت وا لە مرۆڤەکان بکەیت، هەڵگری بن. بۆ (بی بی سی) بە کەناڵی نیشتمانی و کەلتووریی بەریتانی دەناسرێت؟ چونکە ناسنامەی بەریتانیبوون و کەلتووری ناساندنی بەریتانی و بە زیندووڕاگرتنی دەداتە هاووڵاتیانی. بۆچی لە وڵاتیك خەڵك، خاك، سەرکردە، مێژووی خۆی خۆش دەوێت، لە وڵاتێکی دیکە ڕەنگە وا نەبێت؟ لەبەر ئەوەی لە وڵاتی یەکەم ڕاگەیاندن، مێژوو، سەرکردە و خاك وەك ئەوەی دەیەوێت لای هاووڵاتیانی خۆشەویست بێت، بوونی هەیە و، لە ڕاگەیاندنەکەی تەوزیفی کردووە، بەڵام لە وڵاتی دووەم وا نییە.

ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە خۆشەویستیی خاك، سەرکردە، مێژوو وا باس بکات کە خەڵك خۆشیانی بوێت. جارێ ناتوانرێت ڕاگەیاندنی وڵاتێك مەحکووم بکرێت، بەوەی نەیتوانیوە ناسنامەی کەلتووری بۆ تاکەکان دروست بکا،ت کاتێك ئەو ڕاگەیاندنە خاوەنی بەرهەمی خۆماڵیی خۆی نەبێت. بەڵکو بەرهەم وەك خواردنی ئامادەکراو (معلب) گەرم بکاتەوە. لەناو بەرهەمە میدیاییەکان، ‹بەرهەمە کات بەسەربەر و بەزمەساتەکانی وەك دراما و کارتۆن و بەرنامە و بەرهەمە کۆمیدییەکان› لە بابەتە کاریگەرەکان دانراون، بۆ دروستکردنی ناسنامەی کەلتووری بۆ تاك. ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنی کوردی بکرێت، هیچ کام لەمانە بەرهەمی خۆمان نین. کەواتە چۆن داوا لە ڕاگەیاندنێك دەکەیت کە وڵات سەرکردە، خاك و نیشتمان و فەرهەنگ لای هاووڵاتیان خۆشەویست بکات، کە درامای کۆری و تورکی و ئێرانی و...هتد، کارتۆنی ئەمریکی و بەریتانی و...هتد، گۆرانیی بیانی و یان کوردی بە ستایلی بیانی و میوزیکی بیانی پێشکەش بکات؟!

لێرەوە دەتوانین قەیرانێکی گەورەی ئەم میللەتە باس بکەین، کە هەرگیز بەلایدا نەچووین، ئەویش قەیرانی «شوناس»ـە کە شوناس خۆی سەرچاوەی ئارامی و جێگریی تاکەکانە. چونکە پسپۆڕانی بواری سایکۆلۆژی دەڵێن: «مرۆڤ کاتێك جێگرو ئارامە، کە ناسنامەی جێگیر و ئارام بێت، ئەگەرنا خۆی ناناسێت و نازانێت کێیە، ئایینی چییە، نیشتمانی چییە، کەلتووری چییە، زمانی چییە، مێژووی چییە و سەرکردەی کێیە.. کە ئەمانەی نەزانی، یان هەر ڕۆژە بەرهەمێکی ڕاگەیاندن شتێکی پێ ناساند، ناسنامەکەی دەگۆڕێت، چونکە ناسنامە ناڕوون و تەڵخ دەبێت و، دەبێتە دووانی، کاتێك کە ئەو ناسنامە کەلتوورییەی کە هەڵگریەتی، بەرکەوتە دەبێت بە ناسنامەی کەلتووری دیکە. نموونەیەك بۆ ئەمە: کاتێك گەنجێك لە بەردەم کاریگەریی بەرهەمێکی ڕاگەیاندن فێری بیرکردنەوەیەکی دیکە دەبێت، جیاواز لەوەی کۆمەڵگەکەی فێری کردووە و پەسەندیەتی، سەرەتا دەکەوێتە شەڕ لەگەڵ خود و ناخی خۆی، شەڕیش لەگەڵ خود و ناخی خۆت، نائارامیت دەداتێ، دواتریش دەکەوێتە شەڕ لەگەڵ خێزانەکەی و دواتر کۆمەڵگەکەی، چونکە هەڵسوکەوتە وەرگیراوکەیان قبووڵ نییە. ناسنامە پێشووەکەی تەڵخ بووە، ناڕوونە، وردە وردەش کە کەلتوورە وەرگیراوەکە زۆر دەبێت، ناسنامە کۆنەکەی کە خێزان و کۆمەڵگە پێی داوە، کاڵ دەبێتەوە، تا لە نێوان ئەم دوو ناسنامەدا بێت نائارامە، بەشێکی نائارامیی کۆمەڵگەش هەر بە هۆی ئەم قەیرانی ناسنامە کەلتووری و جەنگەیە لەگەڵ خود و لەگەڵ دەوروبەرمان. بۆچی هاووڵاتی دژی حکومەتە لەم هەرێمە؟ چونکە ڕاگەیاندنێك کاری کردووە ناسنامەی حکومەتی لای هاووڵاتی ناشیرین کردووە، بە هەمان شێوە هاووڵاتی دژی هەر شتێك بووبن، ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکان شێواندوویانە وێنەکەی لای هاووڵاتی، ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی سەرکەوتووی واش نەبووە کە وێنەکە و شوناسەکە ڕاست بکاتەوە.

بۆیە دەبێت ئەم قەیرانە چارەسەر بکەین بۆ تاك و بۆ نیشتمان. ئەویش بە چوونەوە بە ناو ڕاگەیاندن، واتە دەمانەوێت تاك چۆن بێت، وا بەرهەمەکان بۆ وێنا بکەین، مێژوومان چۆن زیندوو ڕابگرین؟ دەبێت ڕاگەیاندنێك هەبێت مێژوو واپیشان بدات، خۆشەویستیی سەرکردەمان چۆن لای تاك دروست بکەین؟ دەبێت وێنە و کەسایەتیی سەرکردەکان، مێژوویان، ژیانیان، کارەکانیان وا پیشان بدەین. لەوێوە بۆ هەموو شتەکانی دی. چونکە ڕاگەیاندن هێز و وتوانای سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شتەکانی هەیە.

**چۆن داوا لە ڕاگەیاندنێک دەکەیت کە وڵات سەرکردە، خاک و نیشتمان و فەرهەنگ لای هاووڵاتیان خۆشەویست بکات، کە درامای کۆری و تورکی و ئێرانی و...هتد، کارتۆنی ئەمریکی و بەریتانی و...هتد گۆرانیی بیانی و یان کوردی بە ستایلی بیانی و میوزیکی بیانی پێشکەش بکات؟!**

**ئەمرۆ زۆرینەی پسپۆڕان لەسەر ئەوە کۆکن ‹ڕاگەیاندن› نەک سەرچاوەیەکە بۆ دروستبوونی ناسنامەی کەلتووریی مرۆڤ، بەڵکو پێش و بەری لە سەرچاوەکانی دیکەی وەک خێزان و شوێنە ئایینییەکان و قوتابخانەش گرتووە**